# بۆنسای

ئەلێخاندرۆ زامبرا

وەرگێڕ: ئارام ڕەشید

ڕۆمان



ئەلێخاندرۆ زامبرا

# بۆنسای

وەرگێڕ: ئارام ڕەشید

ناوی کتێب: بۆنسای

نووسینی: ئەلێخاندرۆ زامبرا

وەرگێڕ: ئارام ڕەشید

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: وەرگێڕ

بابەت: ڕۆمان

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

وەرگێڕ، هیچ کەس مافی لەبەرگرتنەوەیی

نییە، بە شێوەی کاغەزیی

سەرچاوە:

بونسای

الخاندرو زامبرا

ترجمە: کوشیار پارسی

Aram Rashid

aramrashied@gmaile.com

چەندین ساڵ تێپەڕین و تەنیا کەسێک کە نەگۆڕا، کچی ناوی کتێبەکەی ئەو بوو.

یاسۆناری کاواباتا

ئازار بەش بە بەشی جەستەی دەخوارد و دەیسووواند.

گۆنزالۆ مییان

بۆنسای چیرۆکی خۆشەویستی نێوان «خولیۆ» و «ئێمیلیا»یە، دوو لاوی چیللیایی، کە هەر لە یەکەمین ڕستەوە ئاخروعاقیبەتیان ڕوون دەبێتەوە: «ئێمیلیا دەمرێت و ئەو بەتەنیا دەمێنێتەوە، گەرچی چەندین ساڵ پێش مردنی ئەویش، ئەو هەر تەنیا بووە.» ئەمە یەکەمین ڕستەی ڕۆمانەکەیە، بەڵام پرۆسەی گێڕانەوە پێشبینینەکراوە. ڕۆمانێک کە دەستپێکەکەی کۆتاییە و کۆتاییەکەشی کۆتاییەکی واقعییە. ئەدەبیات لەمە جوانتر نانووسرێت: «ئێمیلیا دەمرێت، خولیۆ نامرێت. باقییەکەی ئەدەبیاتە.» زامبرا هەر لە یەکەمین پەرەگرافدا گشت ئەو شتانە دەڵێت کە دەیەوێت بیانگرێتەوە. یەکەمین پەرەگراف، کورتەی ڕۆمانەکەیە.

خولیۆ و ئێمیلیا پێکدی ئاشنا دەبن، پێکەوە دەخەون، ئەوسا عاشقی یەکتر دەبن، هەر بەم سادەییە. لێکدی جیا دەبنەوە، بێ درامێک. جوانیی لە خودی ئەم تراژیدیایەدایە، لەو هەقیقەتەی کە خۆشەویستیان بەرانبەر یەکتر کاڵ دەبێتەوە، بەڵام وابەستەی یەکتر دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو شتێکیش تەواو بووبێت. زامبرا لە چەند ڕستەی کورت دا وابەستەیی قووڵی ئەوان نیشان دەدات: هەردووکیان دەڵێن پرۆستیان خوێندووەتەوە، هەردووکیشیان درۆ دەکەن.

زامبرا گەمە لەگەڵ خوێنەر دەکات، بەلایەوە گرنگ نییە کە چۆن چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، ئەو بە شێوەی خۆی دەیگێڕێتەوە، بە گاڵتە و زۆرزانییەوە. بەم جۆرە: «با وای دابنێین ژنەکە ناوی ئێمیلیایە یان بووە، پیاوەکەش ناوی خولیۆیە؛ بووە و هەمیشەش وا دەبێت.»

لە درێژەی ڕۆمانەکەدا کەسایەتیگەلی تر دەناسێندرێن: «مێردەکەی ئانیتا ناوی ئەندرێس بوو، یان لیۆناردۆ. با بڵێین ناوی ئەندرێس بوو نەک لیۆناردۆ». ئەمە هەڵبژاردنێکە کە گێڕەرەوە متمانەپێکردنی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە پێی، هەروەها نیشانی دەدات کە چۆن سەری داوەکەی لەدەستدایە و هەر بەدەستیشییەوە دەمێنێتەوە. ئەندرێس گرنگ نییە، گازموری، ژنەکەی گازموری، ماریا و ئانیتا هیچیان گرنگ نین، ئەوان کەسایەتی لاوەکیین، بە بۆچوونی گێڕەرەوە ئەوەی کە گرنگە خولیۆیە، ئەوەی کە گرنگە ئێمیلیایە.

ڕۆمانی بۆنسای، شۆکێک بوو لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتین. ڕەخنەگرانی ئەدەبی دەیانپرسی: زامبرا کێیە؟ چۆن دەبێت نووسەرێک بە ڕۆمانێکی وا بچکۆلەوە، کاریگەرییەکی وا گەورەی لەسەر خوێنەران دانابێت؟ چۆن دەکرێت گشت ڕەخنەکان ستایشئامێز بن، لە کاتێکدا ئەم کتێبە بچکۆلەیە، چیرۆکێکی سادەی عاشقانەی هەیە؟

ئەلێخاندرۆ زامبرا لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سانتیاگۆی وڵاتی چیللی لەدایک بووە. پێش تەمەنی چل ساڵیی یەکێک بووە لە ئەندامانی گرووپی «بۆگۆتا ٣٩» کە بە باشترین نووسەرە لاوەکانی ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتین دادەنرێن.

* ئەو خوێنەرانەی پاش خوێندنەوەی «بۆنسای» مەبەستیانە بەرهەمی تری زامبرا بخوێننەوە، ئێمە پێشتر ڕۆمانی «ڕێگاکانی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە»یمان وەرگێڕاوە و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفانی چاپی کردووە و لە کتێبفرۆشییەکان بەردەستە.

# I پەیکەر

لـە کۆتاییـدا ئێمیلیـا دەمرێـت و ئـەو بەتەنیـا دەمێنێتـەوە، گەرچـی چەندیـن سـاڵ پێش مردنـی ئەویش، ئەو هـەر تەنیا بـووە. بـا وای دابنێیـن ژنەکـە نـاوی ئێمیلیایـە یـان بـووە، پیاوەکـەش نـاوی خولیۆیە؛ بووە و هەمیشـەش وا دەبێت. لە کۆتاییدا ئێمیلیا دەمرێت، خولیۆ نامرێت. باقییەکەی ئەدەبیاتە:

یەکەم شەو کە پێکەوە خەوتن، بەڕێکەوت بوو. تاقیکردنەوەی زمانی ئیسپانیان هەبوو: سێنتاکسی ٢، وانەیەک کە هیچ کامیان بـاش فێر نەبووبـوون، بەڵام چونکە هەردووکیان گەنج بوون و ئامادە بۆ هەر کارێک، ئامادەش بوون بۆ فێربوونی زمانی ئیسـپانی: سێنتاکسـی ٢؛ لە ماڵی خوشـکە جمکەکەی ڤێرگارا. ئەو پێڕەی کە بڕیار بوو پێکەوە کۆشش بکەن، لەوە گەورەتر

بوو کە بیریان لێ کردبووەوە: یەکێک مۆزیکی خستە سەر، لەبەر ئەوەی ڕاهاتبوو لەگەڵ مۆزیک کۆشش بکات، یەکێکی تر ڤۆدگای لەگەڵ خۆی هێنابوو، چونکە وای بەڵگاندبوو کە بێ ڤۆدگا بە دژواری تەرکیزی بۆ دەکرێت، سێیەم چوو شەربەتی پرتەقاڵ بکڕێت، چونکە ڤۆدگا بێ شەربەتی پرتەقاڵ نەدەخورایەوە. کاتژمێر سێی دەمەوبەیان هەموویان خراپ سەرخۆش بوون و بڕیاریان دا بخەون. گەرچی خولیۆ دڵی پێوەی بوو شەو لەگەڵ خوشکەکەی ڤێرگارا بگوزەرێنێت، بەڵام هەر زوو تەسلیمی ئەم پێشنیارە بوو کە لە عەمبارێکدا جێگەکەی لەگەڵ ئێمیلیا بەش بکات.

خولیۆ حەزی لەوە نەبوو کە ئێمیلیا لەناو پۆلدا پرسیاری زۆر دەکرد و ئێمیلیاش بڕوای نەدەکرد خولیۆ کە زۆرترین کاتەکان غایب بوو، قەستی تەواوکردنی زانکۆی هەبێت، بەڵام ئەو شەوە خاڵی هاوبەشی سۆزدارییی یەکتریان کەشف کرد، هەمان ئەوەی کە هەر جووتێک بە نەختێک چاکەخوازی دەتوانن کەشفی بکەن. پێویست بە گوتن ناکات کە دەرەنجامی تاقیکردنەوەکە زۆر خراپ بوو. دوای هەفتەیەک، پێش تاقیکردنەوەی خوولی دووەم، دووبارە لە ماڵی ڤێرگارا سەعییان کردەوە و سەرلەنوێ پێکەوە خەوتنەوە، بەڵام ئەم جارە پێویستی نەدەکرد جێگە لەگەڵ یەکتر بەش بکەن، چونکە دایک و باوکی جمکەکان ڕۆیشتبوون بۆ بۆینس ئایرس.

ئێمیلیا ماوەیەک پێش ئەوەی لە خولیۆ نزیک ببێتەوە، بڕیاری دابوو لە ئێستا بەدواوە ئیتر نە بگێت؛ نە هەر وەکوو

ئیسـپانییەکان دەیڵێـن گان بکات، نە عاشـقێنیی بـکات، لەگەڵ هیچ کەس، چیدی لەگەڵ کەس ناخەوێت و ناچێتە ناو جێگەوە، تەنانـەت زۆر کەمتریـش: نە بیدات نە بیکات. هەر بۆیە ئێمیلیا ڕووەو خولیـۆ، کـە بـە هەمان ئەو ئاسـانییەی کـە بەتاریکیی بەڕێدا بڕوات، بەڵام ڕوون و بە سـرپە گوتی، ئەمە کێشــەی واقیعی چیللیاییەکانە:

«ئەمـە کێشـەی گەنجانـی چیللییـە. ئێمـە زۆر گەنجین بۆ عاشـقێنیی و ئەگـەر تـۆ لێـرە، لە چیللـی، عاشـقێنیی نەکەیت، ناتوانیـت نە بیکەیـت نە بیدەیت، بەڵام لەگەڵ تۆ، نە دەمەوێت بخـەوم نـە بیکەم: حەز دەکـەم ئێمەش وەکوو ئسـیپانییەکان گان بکەین.

ئێمیلیـا ئـەو کاتە بە ئیسـپانیا ئاشـنا نەبوو. چەندین سـاڵ دواتر ڕۆیشت بۆ مەدرید، شارێک کە تێیدا چەندین جار گان دەدات، گەرچی نەک بە خولیۆ، بەڵکوو زیاتر بە خابییر مارتینز و ئانخـل گارسـییا و خولیان ئالبورکـرک. تەنانەت جارێکیش بـە کارۆلینـا کۆپک؛ هەرچەند تەنیا یـەک جار و کەمێک بەبێ مەیلیی بوو، کارۆلینا کچێکی پۆڵەندی هاوڕێی بوو.

ئـەو شـەوە، دووەمین شــەو؛ بـە پێچەوانـەوە، خولیۆ بوو بـە دووەمین جووتی کامەرانـی ئێمیلیا، یاخۆ بەو جۆرەی کە دایکان و دەروونشیکاران بە دووڕووییەکی تەواوەوە دەیڵێن؛ پیاوی دووەمی ئێمیلیا. گەر چی ئەو، بوو بە یەکەمین پەیوەندی جـدی خولیۆ. خولیۆ وروژێنـەری پەیوەندییە جدییەکان بوو. خۆی وەکوو یەکپارچەییەکی جدیەت، لە ژنان نەدەشاردەوە،

چونکە دەیزانی جدیەت هێندەی ژنان خۆیان خەتەرناکە، یاخۆ تەنانەت خەتەرناکتریش. خولیۆ دەیزانی مەحکومە بە جدیەت، بە لاساریی هەوڵی ئەوەی دەدا چارەنووسی جدی بگۆڕێت و چاوەڕوانــی کاتــی بێ موبالات بکات؛ ئەو ڕۆژە تۆقێنەر و بێ دەرەتانــەی کە جدییەت لە دەرگاوە بەژوور دەکەوێت، تاکوو خۆی بۆ هەتا هەتایە لە ژیانی ئەودا بڕوێنێت، ڕەوان ببێت.

یەکەمین دۆستی ئێمیلیا بێهودە بوو، بەڵام شتێکی تایبەت لە بێهودەییەکەیدا هەبوو. هەڵەی زۆر دەکرد و هەمیشە دەیتوانی قبووڵی بکات و قەرەبووی بکاتەوە، بەڵام هەڵەگەلێک هەن کە قەرەبوونەکراوەن، ئەم کەسە بێهودەیەش، یەکەمین دۆستی ئێمیلیا، یەک یان دوو هەڵەی نەبەخشراوی کرد، کە تەنانەت بەهای ئەوەشیان نییە لێرەدا ناویان بهێنرێ.

وەختێک دەستیان کرد بەوەی پێکەوە بچنە دەرەوە، هەردووکیان پانزە ساڵان بوون، بەڵام وەختێک ئێمیلیا بوو بە شانزە و حەڤدە ساڵان، ئەو بێهودەیە هەر بە پانزە ساڵیی مایەوە. هەر وا چووە پێش: ئێمیلیا بوو بە هەژدە، نۆزەدە و بیست و چوار ساڵان، ئەو بە پانزە ساڵیی مایەوە؛ بیست و حەوت، بیست و هەشت ساڵان، ئەویش: پانزە ساڵان. هەر

وا بـەردەوام بـوو تاكوو تەمەنی سـی سـاڵیی، چونكە ئێمیلیا لـە تەمەنی سـی سـاڵیی بـەدواوە ئیتر یـادی لەدایـک بوونی نەكـردەوە، نـەک ئەوەی كە بڕیاری دابێت هـەر لەو تەمەنەدا بمێنێتـەوە، بەڵكـوو لەبـەر ئـەوەی كە مـرد. چەنـد ڕۆژ پێش مردنەكـەی، واتـا ئـەو كاتەی كـە ئیتر ئاهەنگی یـادی لەدایک بوونی نەبوو، دەستیكرد بەوەی بە مردوویی بمێنێتەوە.

دووەمین دۆستی ئێمیلیا فرە سپی بوو. لەگەڵ ئەو بوو كە كەشفی شاخەوانی چیای ئاندی كرد، سەفەركردن بە پاسكیل، ڕاكـردن و ماسـتیش. بەتایبەت سـەردەمێكی بـە زۆرخۆریی ماسـت گوزەرانـد، ئەمە بۆ ئێمیلیا گرنـگ بوو، چونكە تازە لە سـەردەمی زۆرخواردنەوەی پیسـكۆ گەڕابووەوە، شـەوانێكی دوورودرێـژ و ئاڵـۆزی پیسـكۆ لەگـەڵ كـۆكا كـۆلا، پیسـكۆ لەگـەڵ لیمۆ، تەنانەت پیسـكۆی تەنیاش، خاڵس، بێ سـەهۆڵ. زیاتر دەسـتیان بە یەكتردا دەهێنا، بەڵام هیچ كات نەگەیشتنە لووتكـەی چێـژ، لەبەر ئەوەی ئەو فرە سـپی بوو، كە ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ئێمیلیا بڕوابەخۆبوونی لەدەست بدات، لە كاتێكدا كە خۆیشی سپی بوو. تەقریبەن سپی سپی، بە قژێكی كورت و ڕەشی وەكوو شەو. با ئەمەمان گوتبێت.

سـێیەمیان زۆر نەخـۆش بـوو. ئێمیلیـا هەر لە سـەرەتاوە دەیزانـی كـە ئـەم پەیوەندییـە مەحكومـە بـە شكسـت، بـەڵام بەهەرحاڵ ساڵ و نیوێک پێكەوە مانەوە، ئەو بوو بە یەكەمین

جووتـی سێکسـیی ئێمیلیـا، یەکەمیـن پیـاوی ئەو، لـە تەمەنی هەژدەساڵیدا، کوڕەکەش لە بیست و دوو ساڵیدا.

لە نێوان دۆستی سێیەم و چوارەم، کەسانێکی یەکشەوەی جیـاواز جیـاوازی هەبـوون، کە زیاتر، بە تایبـەت؛ ڕاکردن لە دووبارەبوونەوە هۆکارەکەی بوو.

خولیۆ چوارەم بوو.

لـە پێنـاو هێشـتنەوەی عادەتـی جێگیـری خێزانیـی، بـۆ ئاشـنابوونی سێکسـیی خولیۆ، بە دە هەزار پیزۆ گرێبەستێک لەگەڵ ئێزیدۆرا بەسـترا. لەگـەڵ ئامۆزا ئێزیدۆرا کە ئەو کاتە ئیتر ناوی ئێزیدۆرا نەبوو و دەرکەوت کە ئامۆزای خولیۆش نییـە. گشـت پیاوانی خێزانەکـە، لە کاتێک لـە کاتەکاندا لەگەڵ ئێزیـدۆرا سێکسـیان کردبوو، وەختێک کە هێشـتا ئەو ژنێکی جحێڵ بوو، بە سـمتێکی زلل و هۆگرییەکی زۆر بۆ ئیرۆتیک، کـە دەیتوانـی تێریان بکات و بە خواسـتی خۆیـان بگەیەنێت؛ گەرچی ئێسـتا ئیدی کەس نەبوو کە بتوانێت بە قەحبە بانگی بکات، ئێستا قەحبەی ڕاستەقینە بوو: هەمیشە هەوڵی دەدا بە هەمووانی بقبوولێنێت کە سکرتێری پارێزەرە.

خولیۆ لە تەمەنی پانزەساڵیدا ئامۆزا ئێزیدۆرای ناسی، لە

ساڵانی دواتریشدا درێژەی بە بینینی ئەو دا، وەکوو دیارییەکی تایبەت: بۆ کاتی پێداگریی، یان وەختێک پێداگرییەکانی باوک کاڵ دەبوونەوە و دەگۆڕان بۆ قۆناغی ئاشنابوون بە پەشیمانیی باوکانە. دواتریش زوڵمی باوکانە کە بەشکۆترین دەرەنجامی ئەمنیەتی ئابووری بێت. پێویست بە گوتن ناکات کە خولیۆ عاشقی ئێزیدۆرا بوو، خۆشی دەویست، ئێزیدۆراش نەختێک دامرکاوتر لەو کتێبخوێنە ڕەشپۆشە و لەوانی تر زیاتر پێی ڕادەگەیشت و نازی دەکێشا و بە شێوەیەک لە شێوەکان فێری سێکسی دەکرد.

خولیۆ لە تەمەنی بیست ساڵاندا دەستیکرد بە نزیکبوونەوە لە ژنانی هاوتەمەنی خۆی، بە مەبەستی دڵچەڕێنی سێکسی. بە کەمێک سەرکەوتنەوە، بەڵام هەر ئەمە بەس بوو بۆ جێهێشتنی ئێزیدۆرا. جێهێشتنی ئەو بە هەمان شێوە کە بنیادەمەکان سەرەنجام، جگەرە کێشان تەرک دەکەن، یاخۆ گرەوکردن لەسەر پێشبڕکێی ئەسپسواری، ئاسان نەبوو، بەڵام چەندین مانگ پێش دووەمین شەو لەگەڵ ئێمیلیا، خولیۆ خۆی بە دەربازبوو دەزانی لەم ئالوودەبوونە.

دواتر، دووەمین شەو، ململانێی لەگەڵ تاقانە ڕەقیبی کرد، گەرچی خولیۆ هەرگیز نەیتوانی ئەو دووانە پێک بچووێنێت، بەشێکی لەبەر ئەوە بوو کە بەراوردکردنیان مەحاڵ بوو، بەشێکیشی لەبەر ئەوەی کە ئێمیلیا بە شێوەیەکی فەرمی، وا

هاتــە پێـش چاو کە تەنیا عیشـقی ژیانی ئەو بێت، ئێزیدۆراش تەنیـا سـەرچاوەیەکی قەدیمیـی و لەبەردڵانـی چێـژ و ئازار. وەختێک خولیۆ عاشـقی ئێمیلیا بوو، هەسـتی کرد گشـت ئەو چێژ و ئازارانەی پێشتر، واتا پێش ئەو چێژ و ئازارانەی ئێمیلیا بە نسـیبی کرد، شـکڵێکی سـادەی چێژ و ئازاری ڕاسـتەقینە بوون.

یەکەمین درۆ کە خولیۆ لەگەڵ ئێمیلیا کردی ئەوە بوو کە مارسـل پرۆستی خوێندووەتەوە. ئەو؛ ئاسایی دەربارەی ئەو کتێبەی خوێندبوویەوە درۆی نەدەکرد. ئەو دووەمین شـەوە، وەختێک هەردووکیان دەیانزانی دەستیان بە شتێک کردووە، ئـاگادار لە گشـت ئەو کاتانەی کە بڕیار بـوو بخایەنێت، ئەمە گرنگ بوو؛ ئەو شەوە، خولیۆ دەنگی خۆی گۆڕی، بە فێڵکردن لە مەحرەمیی، گوتی بەڵێ؛ مارسـل پرۆسـتی خوێندووەتەوە، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا: بەدرێژایی هاوین لە کۆینترۆ. بەڵام ئـەو کاتانـە هیچ کەس نەدەچـوو بۆ کۆینتـرۆ، تەنانەت دایک و باوکـی خولیۆ کـە لە کەناراوەکانی ئێـل دورازنۆ یەکتریان ناسـیبوو، نەدەچـوون بـۆ کۆینتـرۆ. کەنارێکـی قەشـەنگ کە ئێسـتا لومپێنـەکان داگیریـان کردبوو. ئەو جێیـەی کە خولیۆ

لـە تەمەنـی حەڤدە سـاڵیدا لە ماڵی باپیرەی خۆی خانەنشـین کردبـوو تاکـوو `گـەڕان بۆ کاتـی لەدەسـتچوو` بخوێنێتەوە. ئەمە درۆ بوو، بێگومان: ئەو هاوینە ڕۆیشتبوو بۆ کۆینترۆ، کتێبیشـی زۆر خوێندبـووەوە، بـەڵام تەنیـا کتێبەکانـی جـاک کـرواک، هاینرش بۆڵ، ڤیلادیمێر ناباکۆف، ترومەن کاپۆتی و ئێنریکە لین؛ نەک مارسل پرۆست.

هەمـان شـەو ئێمیلیـا بۆ یەکـەم جار درۆی لەگـەڵ خولیۆ کـرد، هەمـان ئـەو درۆیـەی کـە ئەویـش مارسـل پرۆسـتی خوێندووەتـەوە. لـە سـەرەتادا هـەر بەمـە کۆڵـی دا: «منیش مارسـل پرۆسـتم خوێندووەتەوە». بـەڵام دواتر بێدەنگییەکی درێژخایـەن باڵـی کێشـا، کـە ناخۆشـیش نەبـوو، بێدەنگیـی چاوەڕوانـی بـوو و ئێمیلیا ناچار بوو بەردەوام بێت: «سـاڵی ڕابـردوو بوو، زۆری بەسـەردا نەچووە، پێنـج مانگی خایاند، منیـش زۆر سـەرقاڵ بـووم، خـۆ دەزانیـت، کۆرسـەکانی زانکـۆ. بەڵام بڕیارم دا هەر حـەوت بەرگەکەی بخوێنمەوە و ئـەوەی ڕاسـتی بێت گرنگترین مانگەکانـی ژیانم بوو، وەکوو کتێبخوێنێک.»

ڕێک ئەم وشانەی بەیان کرد: ژیانی من وەکوو کتێبخوێنێک. هەروەها گوتی کە ئەمە، بێگومان گرنگترین مانگەکانی ژیانی بوون وەکوو کتێبخوێنێک.

لە سەربوردەی ئێمیلیا و خولیۆ، بەهەرحاڵ؛ حەشاردان لە درۆ زیاتر و کەمتر لە ڕاسـتی بوونی هەبوو، ئەو ڕاسـتیانەی

کـە خەڵـک بە ڕەها ناودێریـان دەکەن و ئەوەی ڕاسـتی بێت نەشـیاون. بە تێپەڕبوونی کات، کـە دوورودرێژ نەبوو، بەڵام زۆری خایانـد، کەمێـک نیـاز و ئـارەزووی گشـتی، هەسـتی نائاسـایی، ژیانی کورت و زیادەڕۆئامێزیان پێک دی دەگوت. خولیۆ شتگەلێکی بە ئێمیلیا دەگوت کە دەبوو تەنیا دەروونناس بیانزانێت، ئێمیلیاش بە جۆرێک خولیۆی دەکرد بە هاوبەشـە تـاوان لـە هـەر بڕیارێکـدا کـە بەدرێژایـی ژیان دابـووی. بۆ نموونـە ئـەو جارەی کە بڕیاری دابوو ڕقی لە دایکی ببێتەوە، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا: خولیۆ بە سەرنجەوە گوێی ڕادێرا، کە بەڵێ؛ ڕایگەیاند کە ئێمیلیا لە تەمەنی چوارە ساڵیدا کارێکی باشـی کردووە، کە ئەگەری هیچ بڕیارێکی تر بوونی نەبووە، کـە خـودی ئەویش هەمـان کاری دەکرد، کـە هەڵبەت؛ ئەگەر وەکـوو ئـەو لەو کاتەدا لە تەمەنی چواردە سـاڵیدا بووایە، کە ئەگەر ئەو کاە پێکەوە بوونایە پارێزگاری لێ دەکرد.

پەیوەنـدی نێـوان ئێمیلیا و خولیۆ بوو بە پەیوەندییەکی پڕ لـە هەقیقـەت، هـاوڕێ لەگـەڵ دان پێدانانگەلێک کـە هەر زوو شـکڵی دەسیسـەیان گرت و ئەوانیش دەیانویست بۆ هەمیشە بە هەمان شـکڵ بیهێڵنەوە. ئەمە، لەو کاتەدا، سـەربوردەیەکی سـوکەڵەیە کـە دەبێـت بە شـەیدایی. ئەمە سـەربوردەی دوو خوێندکاری زانکۆیە کە حەزیان لە هەقیقەت بوو و بەشی ئەو ڕستانەشی کە بە هەقیقەت دەچوو، کێشانی جگەرەی ئەبەدیی، ناشـتنی خود لەناو ئیرۆتیکە توندوتیژئامێزەکاندا کە هەسـت بە زیاتربوون دەکەن، نایاباتر لەوانی تر، ئەوانەی گرووپێکی

گەورە و ڕسوا پێک دەهێنن کە بەوانی تر دەناسرێن.

زۆر زوو فێـر بـوون کـە هەمان کتێـب بخوێننەوە، وەکوو یەکتـر بیـر بکەنـەوە، جیاوازییەکانیـان بشـارنەوە. زۆر زوو خەڵوەتێکی لاساریان پێک هێنا. لانیکەم بەدرێژایی ئەو کاتەی کـە خولیـۆ و ئێمیلیا توانییان بڕۆنە ناو شـتێکی هاوشـێوەی پەیکەرێکی هاوبەش. لە کورتی بیبڕینەوە، ئەوان خۆشـبەخت بوون. گومان لەمەدا نییە.

# II تانتالیا

لـەو کاتـە بـەدواوە درێژەیـان دا بـە گانکـردن، تێکوتان و تێبڕیـن، لـەو خانووانەی کـە بە کرێیان دەگرتـن و لەناو ئەو میوانخانانـەی سـەر ڕێـگا، کـە متیلەکانیـان بۆنـی پیسـکۆ و سـاوەریان لێ دەهات. سـاڵێکی ڕەبەق گانیان کرد، ئەو ساڵە بەلایانەوە کورت بوو، گەرچی زۆر دوورودرێژ بوو، تەنانەت بـە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش درێژخایەن بوو. ئەو سـاڵەی کـە دوای ئـەوە ئیتر ئێمیلیا ڕۆیشـت بۆ ماڵـی ئانیتا، هاوڕێی هەرزەکاریی، تاکوو لەگەڵ ئەو بژی.

ئانیتـا زۆر حـەزی بە چارەی خولیۆ نەبوو؛ ئەوی بە بێتام و ماندووکـەر دەزانـی، بـەڵام هـاوکات دەبـوو بـۆ خواردنی ژەمـی بەیانیـش بەرگەی بگرتبا. جارێکیان، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێـت کـە نیشـانی خۆی و هاوڕێکەشـی بدات کـە لەناخی

دڵەوە خولیۆ بە کەسێکی دڵنەخواز و کرێت نازانێت، تەنانەت هێلکەشی کوڵاند؛ ژەمی دڵخوازی بەیانیانی خولیۆ، کە میوانی هەمیشـــەیی شـــوقە ناقـــۆڵا درێژەکـــەی ئێمیلیـــا و ئانیتـــا بـــوو. شـــوقەیەک کـــە بە هیـــچ کلۆجێک میوانوەرگر نەبـــوو. لالووتی ئانیتا بە هۆی ئەوەوە بوو کە خولیۆ هاوڕێکەیی گۆڕیبوو:

«تۆ هاوڕێکەی منت گۆڕی. پێشتر وا نەبوو.»
«ئەی تۆ، تۆ هەمیشە وا بوویت کە ئێستا هەیت؟»
«وەکوو چی؟»
«ئێ، وەکوو ئێستا کە هەیت.»

ئێمیلیا کەوتە نێوانەوە، بە درک و تێگەیشتنەوە.
گوتی: «چ ســـوودێکی هەیە لەگەڵ کەســـێک بیت کە ژیانت نەگۆڕێت؟»
ئەمـــەی گـــوت و کاتێکیـــش خولیۆ حـــزووری هەبوو گوتی: «ســـوودی ژیان بـــەس ئەوەیە کە کەســـێک بدۆزیتەوە ژیانت بگۆڕێت، لەناوی بەرێت.»
ئانیتـــا گومانـــی لەم تیۆرییە هەبوو، بـــەڵام نەچووە ناو ئەو باســـەوە لەگەڵی. دەیزانی کاتێک ئێمیلیا بەم تۆنە قســـە بکات، بەرهەڵستیکردنی بێهودەیە.

تایبەتمەندییەکانی خولیۆ و ئێمیلیا تەنیا سێکسی نەبوو (ئەوەیان هەبوو) یان سۆزداریی (ئەمەشیان زۆر بوو)، بەڵکوو ئێستا بۆ ئەوەی ناومان هێنابێت: ئەدەبی بوو. لە یەکێک لە شەوە پڕ ئیرۆتیکییەکاندا، خولیۆ بە شێوەیەکی زۆڵانە شیعرێکی `ڕۆبن داریۆ`ی خوێندەوە، کە ئێمیلیا هەڵهێنجانێکی وا زیادەڕۆییئامێز و سەتحیانەی لێ کرد، کە کردی بە شیعرێکی سێکسی، شیعرێکی تایبەتی دەگمەنی سێکسی، بە ئاخ و ئۆف و ناڵەوە، تاکوو گەیشتن بە لووتکەی چێژی سێکسی. ئەمە بوو بە خوویان، ئەم بەدەنگی بەرز –بەڵام نەرم– خوێندەوەیە، هەموو شەوێک، پێش گایین. `کتێبی مۆنیل`ی `مارسل شوب`، `پەرستگەی هۆدەی زێڕین`ی `یوکیۆ میشیما`یان دەخوێندەوە، کە سەرچاوەی ئیلهامی ئیرۆتیکیی بوو، گەرچی هەر زوو کتێبخوێندنەوەکانیان گۆڕانی بەسەردا هات: `ئەو پیاوەی کە خەوتووە` و `شتەکان`ی `جۆرج پێرک`یان خوێندەوە، چیرۆکگەلی جیاوازی `خوان کارلۆس ئۆنیتی` و `ڕیمۆند کارڤەر`، شیعرەکانی `تێد هیوز` و `تۆماس ترانسترۆمەر`، `ئەرماندۆ ئۆریب` و `کورت فۆلش`. تەنانەت بەشگەلێک لە کارەکانی `نیچە` و `ئێمیل سیوران`یان دەخوێندەوە.

ڕۆژێکی ناخۆش یان خۆش، بەڕێکەوت کەوتن بەسەر هەڵبژاردەیەک لە ئەدەبیاتی نایابی `خۆرخێ لوییس بۆرخیس`، `ئەدۆلفۆ بیۆی کاسارس`، `سیلڤینا ئۆکامپۆ`. پاش خەیاڵکردنەوە لە کونجە تەریکەکان و خانووە بێ

دەرگاکان، پاش بیرکردنەوە لە ڕۆحە ناوهەڵنەگرەکان، گەیشتن بە `تانتالیا`، کورتە چیرۆکێکی `ماسدۆنیۆ فێرناندز` کە کاریگەرییەکی قووڵی کردە سەر هەردووکیان.

تانتالیا سەربوردەی ژن و مێردێکە کە بڕیار دەدەن گیایەکی بچووک بکڕن و وەکوو سیمبولی عیشق کە لەناویان دەبات، خۆشیان بوێت. زۆر درەنگ پەی بەوە دەبەن کە ئەگەر گیاکە بمرێت، عیشقە لەناوبەرەکەشیان دەمرێت. لەم ڕووەوە کە عیشقە لەناوبەرەکەیان ئێجگار مەزنە و بە هیچ هۆکارێک ئامادە نین بیکەن بە قوووربانی، بڕیار دەدەن ئەم گیا بچکۆلەیە لەناو ژمارەیەک گیای تایبەتدا بشارنەوە. دواتر، بێڕەحمانە، سەروفەساڵی مەینەتیی دەردەکەوێت، چونکە ئیتر ناتوانن گیا بچکۆلەکە بدۆزنەوە.

ژن و پیاوەکە، کەسایەتییەکانی ماسدۆنیۆ گیای عیشقیان هەبوو و بزریان کرد. ئێمیلیا و خولیۆ –کە زۆریش کەسایەتی نین، گەرچی ڕەنگە شایستەی ئەوە بن کە بە کەسایەتییان بزانین– چەندین مانگە، پێش گانکردن کتێب دەخوێننەوە، کارێک کە بەلای هەردووکیانەوە فرە لەبەردڵانە و هەندێک جار پێکەوە لە یەک ساتدا بیر لەوە دەکەنەوە: ئەمە زۆر چێژبەخشە، جوانە؛ خوێندنەوە و ڕا دەربڕین دەربارەی ئەوەی خوێندراوەتەوە، پێش لێک ئالآنی لاقەکان لە یەکتر. ڕێک وەکوو جومناستیک.

هەمیشە ئاسان نییە کە لەناو تێکست دا، فاکتەرێک هەر

چەند وردیش بێت، بۆ گایین بدۆزیتەوە، بەڵام سەرەنجام هەمیشە پەرەگرافێک یان بەیتێک بۆ یەکتر دەدۆزنەوە کە بە شێوەیەکی خەیاڵئامێز مەتاتیی یان شیاو بە ساختەکردن بێت، کاردانەوەی هەبێت، ئالۆشیان تێ بەربدات (حەزیان لەم وشەیەیە، ئالۆش تێ بەربوون، هەر بۆیە من بەکاری دەهێنم. دەتوانم بڵێم هێندەی خودی ئالۆش تێ بەربوون حەزیان لێی بوو).

بەڵام ئەم جارە جیاواز بوو.

ئێمیلیا گوتی: «ئیتر حەزم لە ماسدۆنیۆ فێرناندز نییە، ڕستەکان بە شەرم و حەیایەکی پاساوهەڵنەگر داپۆشراون.» ئەویش لە کاتێکدا وەهای گوت کە خەریکبوو دەستی بە چەناگە و لێوی خولیۆدا دەهێنا.

خولیۆش گوتی: «منیش ئیتر حەزم لێی نییە. وام دەزانی زۆر باشە، بەڵام ئیتر نا. نا، ئیتر ماسدۆنیۆ نا.»

زۆر بە ئارامیی ماسدۆنیۆیان خوێندبووەوە و بە نەرمی قسەیان لەبارەوە دەکرد.

«مەحاڵە، ڕێک وەکوو خەون.»

«وایە، لەبەر ئەوەی کە خەونە.»

«گەمژانەیە.»

«تێناگەم.»

«نا، بە هیچ کلۆجێک، با زۆر بە ئاسانی بڵێم کە مەحاڵە.»

دەبـوو ئەمـە کۆتـا جـار بێت کـە خولیـۆ و ئێمیلیـا یەکتر بگێـن. بـەڵام بـەردەوام بوون، سـەرباری گشـت تیروتوانجە نەبڕاوەکانـی ئانیتـا، وێـڕای گشـت ئـەو نارەحەتیانەشـی کـە چیرۆکەکـەی ماسـدۆنیۆ سـەبەبەکەی بـوو. ڕەنگـە بـۆ ڕەواندنـەوەی نیگەرانـی یاخۆ بـۆ گۆڕینی بابەتەکـە، لەدوای ئـەو کاتەوە تەنیا بەرهەمە کلاسـیکەکانیان خوێندەوە. ئەوان، وەکـوو گشـت بنیادەمـە نەزانەکانـی ئـەم دونیایە کـە کاتێک بووە قسـەمان لەبارەوە کردوون، لەبارەی مادام بۆڤارییەوە قسـەیان کرد. پێکەوە قسـەیان دەکرد کە لەناو هاوڕێکانیاندا کـێ شـارل و کێ ئیمایـە، هەروەها ئەوەی کە ئایا خۆیشـیان بـەراورد دەکرێـن بـە خێزانـە خەمبزوێنەکـەی بۆڤـاری یـان نـا. لەسـەر تەختەخـەو هیچ گرفتێـک لەگۆڕێ نەبـوو، چونکە

هەردووکیان ئێجگار تێدەکۆشـان هاوشێوەی ئیما بن، خودی ئیمـا بـن، وەکوو ئیما گان بکەن، بـێ دوودڵی بڕوایان وا بوو کـە ئیمـا فـرە بەچێژ گانـی کردووە، لـە دۆخی ئێستاشـدا، لە سـانتیاگۆی چیللی، لە کۆتایی سەدەی بیستەم، ئیما دەیتوانی زۆر زۆر باشـتر گان بکات. ژووری نووسـتنەکەیان شـەوان دەبـوو بە گالیسـکەیەکی بێ گالیسـکەچی، بـە پەردەی تۆخی دادراوەوە، کـە ڕێگایەکـی دەکردەوە بەناو شـەقامەکانی ئەو شارە جوانەی کە بوونی نەبوو. باقی ئەو خەڵکە، ورتە ورتیان دەکـرد دەربارەی وردەکاری ئەو ئابڕوچوون و بەسـەرهاتە عاشقانەیەی کە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ڕوویان دەدا.

بـەڵام لەبـارەی بابەتەکانـی تـرەوە، پێـک نەدەهاتـن. نەیاندەتوانی بڕیار بدەن کە ئایا ئێمیلیا هەمان ئیما و ئەویش شـارل بێت، یان ڕەنگە باشـتر وایە، هەدووکیان بێ ویسـت، شـارل بن. هیچ کامیان نەیاندەویسـت شارل بن. هەرگیز هیچ کەس نایەوێت ببێت بە شارل، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کەمیش.

وەختێک هێشتا پەنجا پەڕەیەکی مابوو بۆ کۆتایی کتێبەکە، وازیـان لـە خوێندنەوەی هێنا. ڕەنگبـێ، دڵنیابووبن لەوەی کە ڕێک ئێستا، دەتوانن ئارامیی لە چیرۆکەکانی ئەنتوان چیخۆفدا بدۆزنەوە.

خوێندنـەوەی چیخـۆف بـاش نەچـووە پێش، سـەیر لەوە دابـوو، کـە لەگـەڵ کافـکا کەمێک باشـتر بوو، بـەڵام زۆریش باش نا، هەر وەکوو دەگوترێت؛ تازە خەسارەکە کەوتبوو. لە هەمان ئەو کاتەوەی کە تانتالیایان خوێندەوە، خۆ لێ بواردن

لـە کۆتاییەکـە، مەحـاڵ بوو. هەڵبـەت خۆیشـیان بیریان لەمە کردەوە و تەنانەت خۆیشـیان ڕۆڵی چەند بەشـێکیان گێڕا کە دەبـوو کۆتاییەکـەی زۆر جوانتر و گەلێک خەمئامێزتر و فرە چاوەڕواننەکراوتر بکردبا.

ئەمـە لەگـەڵ پرۆسـت ڕووی دا. خوێندنەوەی پرۆسـتیان دواخسـتبوو، وەکـوو عاقیبەتـی ڕازێکی هەڵنەهێنـراو، جیا لە یەکتر، کە خوێندنەوەی ئەو، یان باشـتر بڵێین نەخوێندنەوەی ئـەو -گـەڕان بـۆ کاتـی لەدەسـتچوو- دەیبەسـتن پێکـەوە. دەبـوو هەردووکیان وا بنوێنـن کە خوێندنەوەی هاوبەش، بە مانای وشـە، هـاوکات دووبارە خوێندنـەوەی ئەو کتێبەیە کە ماوەیەکی زۆر بوو تەمەنایان دەکرد، کاتێکیش دەگەیشتن بە یەکێک لەو پارچە بێشومارە لەبیرنەکراوانە، دەنگ یاخۆ تۆنی خۆیان دەگۆڕی یان لە یەکتر ڕادەمان تاکوو زاڵ بن بەسـەر هەسـتەکانیاندا، بۆ قودرەتبەخشـین بە تەنیاییەکەیان. ساتێک داهـات کـە خولیـۆ کەڵکی لـە دەرفەتەکە وەرگـرت بۆ ئەوەی بڵێت تازە هەسـت دەکات پرۆسـت دەخوێنێتەوە، ئێمیلیاش بە گرتنـی چرنوکێکـی نەرمی دڵداریئامێز لە دەسـتی، قسـەکەی پشتڕاست کردەوە.

لەبەر ئەوەی ژیر بوون، هەر زوو بەسـەر ئەو بەشـانەدا تێپەڕیـن کـە دەیانزانـی زۆر ناسـراون: هەسـتەکانی جیهـان دەورووژێن، ئەوەی تر هەسـتەکانی من دەورووژێنێت. پاش

دەستکردن بە خوێندنەوە، وەکوو پێشگرتنێک، لەبارەی ئەمەوە قسەیان کردبوو کە بۆچی بۆ خوێنەر قوورسە تاکوو ئەزموونی دووبارە خوێندنەوەی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو پاتە بکاتەوە.

«یەکێکە لەو کتێبانەی کە تەنانەت پاش خوێندەوەش پێت وایە چاوەڕوانی ئەوەیە بیخوێنیتەوە.» ئێمیلیا ئەمەی گوت.

خولیۆ گوتی: «لەو کتێبانەیە کە چەندین جار پێکەوە دەیخوێنینەوە.»

لـە لاپـەڕە ٣٧٢ی `ڕێگـەی بـەرەو سـوان`، وازیـان لـە خوێندنـەوەی هێنـا، بۆ ئەوەی بە دەقیقـی دیاریی بکەین، لەم ڕستەیەدا:

`زانینـی شـتێک هێشـتا بەو مانایە نییە کـە بکرێت پێش بە شتێک بگیردرێت، بەڵکوو ئەوەی دەیزانین بە کەمیی دەزانین، نـەک لـە دەسـت دا، بەڵکـوو لـە ئەندێشـەدا، تاکـوو ئازادانـە لەبەردەستماندا بێت، ئەو شتەی کە ئومێدەواریی دەسەڵاتمان بەسەر شتێکدا، بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.`

کێشەیە، بەڵام ڕەنگبێ بەهەڵە لێ تێگەیشتن بێت کە ئەگەر ئـەم پەرەگرافـە بـە سـەربوردەی خولیـۆ و ئێمیلیا بـەراورد بکەین، بەهەڵە تێگەیشتنە چونکە ڕۆمانەکەی پرۆست پڕە لەم

جۆرە پەرەگرافانە. لەبەر ئەوەش کە بێشوومارى لەبارەوە نووسراوە، چونکە ئەم سەربوردەیە بەردەوامە.

یان بەردەوام نییە.

سەربوردەى خولیۆ و ئێمیلیا بەردەوام دەبێت، بەڵام ناچێتە پێش.

دواى ساڵێک، بە مردنى ئێمیلیا کۆتایى دێت. خولیۆ، کە نامرێت، کە بە نەمردوویى دەمێنێتەوە، بەردەوام دەبێت، بەڵام بڕیارى داوە نەچێتە پێش. هەر ئەمەش بۆ ئێمیلیا ڕاستە: ئێستا بڕیارى داوە نەچێتە پێش بەڵام بەردەوام دەبێت. پاش چەند ساڵێک، ئیدى نە بەردەوام دەبێت نە دەچێتە پێش.

زانینى شتێک هێشتا بەو مانایە نییە کە بکرێت پێش بە شتێک بگیردرێت، بەڵام وەهمەکان بوونیان هەیە، ئەم سەربوردەیەش کە بە هێواشى خەریکە دەبێت بە سەربوردەى وەهمەکان، بەم جۆرە دەچێتە پێش.

هەردووکیان دەیانزانى، هەروەکوو ئەوەى تۆ دەیڵێیت، کە کۆتاییەکەى لە سەرەتاوە نووسرابوو، کۆتایى ئەوان، لاوانێکى خەمبزوێن کە پێکەوە ڕۆمانیان دەخوێندەوە، کە بە کتێبى بزربووى بەینى متیلەوە بێدار دەبنەوە، کە زۆر مارى جوانا دەکێشن و گوێ بۆ گۆرانیگەلێک ڕادەدێرن کە ئەگەر بەتەنیا بن پێیان خۆشە گوێى بۆ نەگرن (بۆ نموونە ئێلا فیتزجێرالد: باش دەزانن لەم تەمەنەدا هێشتا شیاوى قبووڵکردنە کە تازە ئێلا فیتزجێرالدیان کەشف کردبێت). هەردووکیان بەنیاز بوون

تا کۆتایی پرۆست بخوێننەوە، قەیتانی هەر حەوت بەرگەکە ڕابکێشن و پاش دوایین وشە (وشەی کات) هەمان دوایین وشەی پێشبینیکراوی ئەوان بێت، بەڵام حەیف؛ ئەوەی کە لە ماوەی مانگێک زیاتردا خوێندیانەوە -بەخێرایی دە پەڕە لە ڕۆژێکدا- لە لاپەڕەی ٣٧٣دا ڕاوەستان، کتێبەکەش لەو کاتەوە، بۆ هەمیشە، بە کراوەیی مایەوە.

# III قەرزەکان

سـەرەتا تیمۆتـی بـوو، بوکەڵەیەکـی داهۆڵئاسـا کـە بـە شـێوەیەکی نـاڕوون بـە فیـل دەچـوو. ئانیتـا لەگـەڵ تیمۆتی دەخەوت، شەڕی لەگەڵ دەکرد، خواردنی پێ دەدا و تەنانەت پێش ئەوەی کە دوای هەفتەیەک بیداتەوە بە ئێمیلیا دەیشۆرد. ئـەو کاتـە هەردووکیـان تەمەنیان چوار سـاڵان بوو. باوک و دایکـی منداڵەکان هەفتەی جارێک سـەردانی یەکتریان دەکرد تاکـوو ئـەوان پێکـەوە گەمە بکـەن و هەنـدێ جاریش هەموو شـەمە و یەکشـەمەکە سـەرقاڵ دەبـوون بـە چاوشـارکێ، لاسـایکردنەوەی کەسـەکان و دروسـتکردنی وێنـە لەسـەر ڕووخساری یەکتر، بە خەمیری ددان.

دوای ئەویـش جلوبـەرگ بـوو. ئێمیلیـا حەزی لـە چاکەتە خوورییە شـەرابییەکەی ئانیتا بوو، ئانیتاش لە بریی ئەوە تی

شێرتە سنۆپییەکەی ئێمیلیای دەویست، ئەم مامەڵە بەردەوامە بەم جۆرە دەستی پێ کرد و بە تێپەڕبوونی ساڵەکان ئاڵۆزتر بوو. وەختێک تەمەنیان هەشت ساڵان بوو، ئەوە ئانیتا بوو کە کتێبی هونەری کاغەز قەدکردنی گەڕاندەوە بۆ هاوڕێکەی -بە بەرگێکی کەمێک زیان بەرکەوتووەوە-، لەنێوان دە بۆ دوانزە ساڵیی بڕیاریان دا هەر مانگە و یەکێکیان گۆڤاری `تو` بکڕێت. هەروەها کاسێتی `میگوێل بۆسە`، `دوران دوران`، `ئەلڤارۆ سکاراميلی` و `گرووپی نادی`یان بەقەرز دەدا بە یەکتری.

ئێمیلیا لە تەمەنی چوار ساڵیدا لێوی ئانیتای ماچ کرد، ئانیتاش نەیدەزانی چ کاردانەوەیەک بنوێنێت. دوای ئەوە بۆ چەند مانگێک چاویان پێک دی نەکەوت. لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ئێمیلیا دووبارە لێوی ئانیتای ڕامووسی و ئەم جارە ماچێکی درێژخایەنتر بوو. ئانیتا پێکەنین گرتی و گوتی ئەگەر جارێکی تر وا بکات، زللە دەخوات.

ئێمیلیا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ڕۆیشت بۆ زانکۆی چیللی تاکوو ئەدەبیات بخوێنێت، چونکە ئەمە خەونی ڕاستەقینەی بوو. هەڵبەت ئانیتا دەیزانی کە ئەدەبیات ئارەزووی ڕاستیی ئەو نەبوو. خەونی ئێمیلیا سوکوئاسان هەوەسێک بوو کە پاش خوێندنەوەی `دلمیرا ئاگۆستینی` لە کەللەی دابوو. خەونی ئێمیلیا، بەپێچەوانەوە، دابەزاندنی چەند کیلۆ لە کێشی بوو، خەونێک کە لە ڕووی لۆژیکییەوە، نەبوو بە هۆکاری ئەوەی بڕوات پێگەیاندنی جەستەیی یان خۆراک بخوێنێت.

بەزوویـی لـە خوولێکی چڕوپڕی زمانی ئینگلیزی ناوی خۆی تۆمـار کـرد و سـاڵانی دواتریشـی بـە گوزەراندنـی خوولـی چڕوپڕی زمانی ئینگلیزی تێپەڕاند.

ئێمیلیا و ئانیتا لە تەمەنی بیسـت سـاڵیدا بوون بە هاوماڵ. ئانیتـا پێـش ئـەوە بەتەنیـا ژیابـوو، لـەو کاتەوەی کـە دایکی بـە شـێوەیەکی فەرمـی پەیوەندی خـۆی لەگـەڵ پیاوێکی تر، ڕاگەیاندبوو، کە هەقی خۆی بوو –ئەمە شتێک بوو کە لانیکەم بە کچەکەیی گوت– بتوانێت لە سـفرەوە دەسـت پێ بکاتەوە. لە سـفرەوە دەسـت پێکردنـەوە بەو مانایە بوو کـە بێ منداڵ دەسـت پـێ بکاتەوە، بـە ئەگەرێکی زۆر، هەر بەبـێ منداڵیش بەردەوام بێت. بەڵام لەم چیرۆکەدا دایکی ئانیتا و ئانیتا گرنگ نیـن، ئەوان کەسـایەتی لاوەکیین. ئـەوەی گرنگە، ئێمیلیایە کە بە تاسووقەوە خوڵکەکەی ئانیتای قبووڵ کرد تاکوو ببێت بە هاوماڵی، دەسـخەڕۆبوون بەوەی کـە ئیتر ماڵی خۆی دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ خولیۆ تێکوتە و تێبرەی تێدا بکەن.

ئانیتـا دوو هەفتـە پێـش ئەوەی کـە پەیوەنـدی هاوڕێکەی و خولیـۆ بێسـەمەر دەرچـوو، زانی کە دووگیانـە. باوکەکەی -کـە بە مەسـئول بانگیـان دەکرد- خوێنـدکاری زانکۆی کۆتا سـاڵی کۆلێـژی یاسـا بوو، لـە زانکۆی کاتۆلیـکا، ئەمە خاڵێک بوو کە جەختی لێ دەکردەوە، ڕەنگە جەخت کردنەوەکەشـی لەبەر ئەوە بووبێت کە هەڵەکەی شەرافەتمەندان نیشان بدات. سـەرباری ئـەوەی ئانیتـا و پارێـزەری داهاتوو تـازە پێکدی ئاشـنا بووبوون، بڕیاری هاوسـەرگیرییان دا. ئێمیلیا شایەتی هاوسـەرگیرییەکە بوو. لـە ئاهەنگەکەدا، یەکێک لە هاوڕێکانی زاوا، بەدەم سەماکردنەوە لەگەڵ ئێمیلیا، ویستی ماچی بکات، بەڵام ئێمیلیا دەموچاوی بردە دواوە و پێی ڕاگەیاند کە حەزی لەو جۆرە مۆزیکە نییە.

ئانیتـا لە تەمەنی بیسـت و شـەش سـاڵیدا دایکـی دوو کچ بـوو، مێردەکەشـی دوودڵ بـوو لـە نێوان کڕینـی ئۆتۆمۆبێل و ئـارەزووی بوونـی منداڵی سـێیەم. (دەیگوت بۆ داخسـتنی کارگەکـە، بـە جەخـت لـێ کردنەوەیەک کە هەزەلـی بنوێنێت، ڕەنگـە خـۆی هەزەلیـش کردبێـت، چونکە ئەوانی تـر پێی پێ دەکەنین). حاڵ و باریان زۆر چاک بوو.

مێردەکـەی ئانیتـا نـاوی ئەندرێس بـوو، یان لیۆنـاردۆ. با بڵێین ناوی ئەندرێس بوو نەک لیۆناردۆ. با وای دابنێین ئانیتا بێـدار بـوو و ئەندرێـس نیوەبێـدار و هـەردوو کچەکەشـیان خەوتبـوون، ئەو شـەوەی کە ئێمیلیا بـێ ئاگادارکردنەوەی لە پێشینە، هات بۆ ماڵیان.

نزیکەی کاتژمێر یانزەی شـەو بوو. ئانیتا هەوڵی خۆی دا تاکوو ئەو نەختە ویسـکەیەی مابووەوە بکات بە سـێ بەشـی یەکسـانەوە، ئەندرێسـیش ڕای کـرد بۆ نزیکتریـن دوکان. بە سێ پاکەتی بچووک جیپسەوە گەڕایەوە.

«بۆچی پاکەتێکی گەورەترت نەکڕی.»

«لەبەر ئەوەی پاکەتی گەورەتریان نەبوو.»

«ئیتـر خـۆ نەهات بە خەیاڵتا؛ نا، با بـەم جۆرە بیلێم، پێنج پاکەتی بچووک بکڕیت؟»

«پێنج دانەیان نەبوو، هەر ئەم سێ دانەیان هەبوو.»

ئێمیلیـا بەخـۆی گـوت؛ کارێکـی باشـی نەکـردووە بـێ

ئاگادارکردنـەوە هاتـووە بۆ سـەردانی هاوڕێکـەی. تا کاتێک دەمەقاڵێکە بەردەوام بوو، ڕامابوو لەو کڵاوە مەکسیکییەی کە بوونێکی زاڵی لە ژووری میوانەکە هەبوو. تەقریبەن خەریکبوو بڕوات، بەڵام هۆکاری هاتنەکەی جدی بوو: لە زانکۆ گوتبووی هاوسەرگیریی کردووە. بۆ ئەوەی مامۆستایی زمانی ئیسپانی دەست بکەوێت گوتبووی مێردی هەیە. کێشەکە ئەوە بوو کە بەیانی لەگەڵ هاوکارەکانی بۆنەیەکی هەبوو، هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لە ڕۆیشتن نەبێت لەگەڵ مێردەکەی.

ئێمیلیـا گوتـی: «دوای ئـەو هەمـوو بەقەرزدانـەی کـراس و سـی دی و کتێـب و تەنانـەت سـتیانیش، زۆر گرنـگ نییـە مێردەکەشتم بەقەرز پێ بدەیت.»

گشـت هاوکارەکانـی دەیانویسـت بـە میگوێـل ئاشـنا ببن، ئەندریێس بە چاکیی دەیتوانی ببێت بە میگوێل. ئێمیلیا گوتبووی میگوێل قەڵەو، ئەسـمەر و ڕووخۆشـە، ئەندریێسیش ئەسمەر بـوو و زۆریـش قەڵەو. بـە بۆچوونی ئەو ڕووخـۆش نەبوو، هەر لە جاری یەکەمەوە، چەندین سـاڵ پێشـتر کە چاوی پێی کەوتبـوو ئەمـەی زانیبوو. ئانیتا هەم قەڵەو و هەم جوان بوو، یـان لانیکەم بە بۆچوونی ئێمیلیا، لەگەڵ کەمێک ئیرەیی بردن بەوەی بەو ڕادە جوانییەی کە ژنێکی قەڵەو دەتوانێت هەیبێت، بـەڵام ئێمیلیـا داچـۆڕاو و زۆر زەعیـف بـوو. ئانیتـا قەڵەو و قەشـەنگ بـوو. ئانیتا گوتـی کێشـەیەکی نییە لـە بەقەرزدانی مێردەکەی بۆ ماوەیەکی کەم.

«بەو مەرجەی بۆم بگەڕێنیتەوە.»
«بەڵێن بێت دەیگەڕێنمەوە.»

کاتێک کە ئەندریێس هەوڵی دەدا دوایین وردە چپسەکان لەناو پاکەتەکە دەربهێنێت، ئەوان بەچێژەوە پێکەنین.

دەمی باڵغبوون بەرانبەر پیاوان فرە هەستیار بوون. ئێمیلیا بۆ ئانیتا و ئانیتا بۆ ئێمیلیا تەلەفۆنی دەکرد، بۆ دڵنیابوونەوە و پرسینی پرسیارێکی ئاشنا. `خۆ دڵنیایت حەزت لێ نەکردووە؟ ئێستا مەشڵەژێ سەیروسەمەرە.`

ئەندریێس سەرەتا ئامادەی هاوکاری نەبوو، بەڵام سەرەنجام قایل بوو، لانیکەم بەشداریکردن لەو بۆنەیەدا دەکرا چێژبەخش بێت.

«دەزانیت بۆچی بە خواردنەوەی ڕۆم و کۆکا کۆلا دەڵێن کوبای ئازاد؟»

ئێمیلیا کەمێک شەکەت و بەو ئومێدەی کە هەرچی زووتر بۆنەکە کۆتایی بێت گوتبووی نا.

«هـەر بەڕاسـت نازانیت؟ ئێ ئاسـانە. ڕۆم کوبایە و کۆکا کۆلاش ئەمەریکا: ئازادی، تێگەیشتی؟»

«من شتێکی ترم بیستووە.»

«چی؟»

«دەمزانی، بەڵام ئێستا بیرم چووەتەوە.»

ئەندرێـس مەتەڵـی جۆراوجۆری لەم جـۆرەی گوتبوو، کە کێشـە بـوو بنیادەم ئەو بە کەسـێکی بەرگەنەگیـراو نەزانێت.

هەموو هەوڵێکی خۆی دەدا تاکوو هاوکارەکانی ئێمیلیا تووشی ئەو هەستە ببن کە ئەو ئێمیلیای ناچار کردووە بێدەنگ بێت. ئێمیلیا بەخۆی گوت ئێستا وا دەزانن پیاوەکە ژنەکەیی ناچار کردووە بێدەنگ بێت. ئەندریێس، ئانیتا ناچار دەکات بێدەنگ بێت؛ ئەگەر پێی وا بێت کە دەبێت بێدەنگ بێت. لەبەر ئەوەی من هاوسەری میگوێلم دەبێت بێدەنگ بم.

ئێمیلیا بەدرێژایی شەوەکە بێدەنگ بوو. ئێستا کەس گومانی لەوە نییە کە ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ میگوێل کردووە. هاوکارەکانی سەیریان پێ نایەت ئەگەر ئەو پاش -با وای دابنێین قەیرانی ژن و مێردایەتی- دوو هەفتەی تر بڕیاری جیابوونەوەیەکی دادپەروەرانە و بەپەلە بدات. نەک زیاتر: نە تەلەفۆن، نە هاوڕێی هاوبەش، هیچ. دەربازبوون لە دەستی میگوێل ئاسان دەبێت.

ئەندریێس ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرت و بە پێویستی زانی بەم ڕستەیە کۆتایی بە شەوەکە بهێنێت، کە بۆنەیەکی زۆر گەرموگوڕ بووە و ئەوەی کە پێی خراپ نییە دووبارە بڕواتەوە بۆ ناو پێڕوکۆمەڵێکی وەها. کەسانێکی باشن و تۆیش لەم کراسە شینە ئاسمانییەدا فرە جوان بوویت.

کراسەکە پیرۆزەیی بوو، بەڵام نەیویست قسەکەی ڕاست بکاتەوە. لەبەرانبەر شوقەکەی ئێمیلیا ڕاوەستابوون و هێشتا زوو بوو. ئەو ئێجگار سەرخۆش بوو و ئێمیلیاش زۆری خواردبووەوە. دیار بوو بیرکردنەوەیەکی زۆر تۆقێنەریش نەبوو ئەگەر ئەندریێس -یان هەمان میگوێل- پشوویەک بدات،

بەڵام ئەم بیرکردنەوە بەدفەڕانە پچڕان. هەمان ئەو ساتەی کە هێنایەوە پێش چاوی خۆی ئەو شتە زەبەلاحە دەیگێت، زەندەقی چوو، ڕێک لەو کاتەدا کە ئەندریێس نزیک بووەوە و دەستی چەپی نایە سەر ڕانی.

دەیویست دابەزێت کە ئەندریێس نەیهێشت. پێی گوت تۆ سەرخۆشیت و ئەویش گوتی نا، هیی سەرخۆشیی نییە، بەڵکوو لەمێژە بەچاوێکی تر لەو دەڕوانێت. بڕواپێنەکراوە، بەڵام ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە گوتی: «لەمێژە بەچاوێکی تر لە تۆ دەڕوانم.» ویستی ماچی بکات، بەڵام ئێمیلیا بە زللەیەک شلپەی لەناو دەمی هەستاند. خوێن لە دەمی ئەندریێس هات، خوێنێکی زۆر، بەشێوەیەکی تۆقێنەر زۆر.

دوو هاوڕێکە، پاش ئەو ڕووداوە، کاتێکی زۆر چاویان بە یەکتـر نەکـەوت. ئانیتا هەرگیز نەیزانی بەڕاسـتی چی ڕووی داوە، بـەڵام دواتـر توانـی لـە کەمێکـی تێبگات، ئـەوەی کە لە سـەرەتاوە بەلایـەوە سـەرنجڕاکێش بـوو و پـاش ماوەیـەک بێبایـەخ بـوو بەلایەوە، چونکە هەرچـی زیاتر کات تێدەپەڕی، زیاتر لە ئەندریێس دوور دەکەوتەوە.

نـە ئۆتۆمۆبێـل هـات و نـە کـوڕ یـان کچـی سـێیەم، تەنیا دەبـوو دوو سـاڵ بە بێدەنگی تێپەڕێـت، جیابوونەوەکەیان بە لەبەرچاوگرتنی گشت لایەنەکان، هاوڕێیانە ئەنجام درا؛ تاکوو ئەندریێـس پـاش ماوەیـەک خـۆی بـە باوکێکی جیابـووەوەی زۆر بـاش بزانێـت. کچـەکان دوو هەفتـە جارێـک دەهاتن بۆ ماڵەکەی و تەنانەت گشت مانگی کانوونی دووەم لە ماڵەکەی

لـە ماتنسـیلۆ مانـەوە. ئانیتا توانـی لە یەکێک لـە هاوینەکاندا بـڕوات بـۆ بینینـی ئێمیلیـا. دایکـە داماوەکـەی چەندیـن جـار گوتبـووی تێچـووی سـەفەرەکەی دەدات، وێـڕای ئـەوەی ڕازیبـوون بـە دوورکەوتنەوە لـە کچەکانـی زۆر دژوار بوو، لێگەڕا کونجکۆڵیی زاڵبێت بەسەریدا.

ڕۆیشـت بۆ مەدرید، بەڵام نەڕۆیشـت بـۆ مەدرید، بەڵکوو بـەدوای ئێمیلیـادا ڕۆیشـت کـە شـوێن پێیـی بـزر کردبـوو. دۆزینـەوەی ناونیشـانەکەی لـە کالێ دل ئالیتر سـەخت بوو، هەروەهـا ژمـارە تەلەفۆنەکەشـی کـە بـەلای ئانیتـاوە فـرە نائاسـایی و دووردرێـژ بـوو. وەختێـک گەیشـتە باراخـاس، خەریکبـوو ژمارەکـەی لێ بـدات، بەڵام پێشـی بەخۆی گرت، لەبـەر کارگەریـی ڕاهاتنی بێبنەمـای چاکەکاران لـە بەرانبەر هەر شتێکی نوێ.

مەدریـد جـوان نەبـوو، لانیکەم بـۆ ئانیتا جـوان نەبوو، بۆ ئانیتا کە ئەو بەیانییە، لە دەروازەی هاتنە دەرەوەی میتۆرکە لەدەسـت گرووپێک مەغریبی ڕای دەکرد، کە پیلانێکیان بۆی هەبـوو. خۆی هەمیشـە ئیکـوادۆری و کۆلۆمبیاییەکان بوون، بەڵام ئەو کە بە تەمەنی مەغریبی نەبینیبوو، پێی وا بوو دەبێت ئەمانە مەغریبی بن، چونکە هاتەوە یادی کە ماوەیەک پێشتر پیاوێـک لـە تەلەڤزیۆن گوتبـووی مەغریبییـەکان گەورەترین کێشـەی ئیسـپانیان. مەدریـد لە پێـش چاوی ئـەو دوژمنێکی باوەکوشـتەی هەڕەشـەئامێز بوو کە بەلایـەوە زەحمەت بوو

کەسـێکی جێـی متمانە بدۆزێتـەوە و لێی بپرسـێت چۆن ئەو ناونیشانە بدۆزێتەوە کە لەسەر کوتە کاغەزێک نووسیبووی. لـەو کاتـەوەی لـە میترۆکـە دابەزی تاکـوو کاتێـک ئێمیلیا لە بەردەمی ڕاوەستا، گرموقالێکی زۆری بیست.

یەکەمیـن قسـە کـە کـردی ئەمە بـوو، کە دیسـانەوە جلی ڕەشت پۆشیوە. بەڵام یەکەمین قسە هەمان ئەو قسەیە نەبوو کـە بـە مێشـکیدا هاتبـوو. وەختێـک ئێمیلیای بینی، شـتگەلێک هاتـن بـە مێشـکیدا: تـۆ ناشـرینیت، تێـک شـکاویت، وەکـوو موادکێشەکانت لێ هاتووە. بەخۆی گوت ئەی خۆزیا نەهاتبام. باش لە برۆکانی ئێمیلیای ڕوانی، لە چاوەکانی ئێمیلیا. وەکوو سـووکایەتی پێکردنێـک چاوی بـە ماڵەکەدا گێـڕا. هۆدەیەکی قۆڕ، شـوێنێکی نیشـتەجێبوونی تۆقێنەر، قەرەباڵغ، مەحاڵ بۆ ژیانکردن. بیری کردەوە، یان باشتر، هەستی کرد کە نایەوێت گوێ بۆ قسەکانی ئێمیلیا ڕادێرێت.

«ئێمیلیا دیسانەوە ڕەشت پۆشیوە.»

«ئانیتا، تۆ هەمان کەسەکەی جارانیت.»

ئێمیلیا هەمان ئەو قسـەیەی کرد کە بیری لێ کردبووەوە: تۆ هەمان کەسـەکەی جارانیت. تۆ هەمان کەسـیت، هەر واش دەمێنیتـەوە، ڕێک وەکوو ئـەوەی کە هەیت. منیش بەم جۆرە دەمێنمەوە، هەمیشـە هەر وا بووم، ڕەنگە ئێسـتا بمەوێت پێت بڵێـم کـە لـە مەدرید زیاتـری وام لێ هات، وەکـوو ئەوەی کە بووم.

ئێمیلیـا ئاگادار لـە نارەزایەتی هاوڕێکـەی، دڵنیای کردەوە هـەردوو پیاوە هاوماڵەکەی هاوڕەگەزخـوازن. گوتی پیاوانی هاوڕەگەزخواز لێرە بۆشناخن، بەڵام ئەم دوو هاوماڵەی من، حەیف لە مشـکەکوێرەش فەقیرترن. ئانیتا نەیویست لەو ماڵە بمێنێتـەوە. پێکـەوە بـەدوای میوانخانەیەکـی هەرزاندا گەڕان، تەقریبـەن تێروتەسـەل پێکەوە قسـەیان کـرد. گەرچی ڕەنگە واش نەبووبێت؛ قسەیەکی باش نییە کە بگوترێت ڕێک وەکوو ڕابـردوو پێکـەوە قسـەیان کـرد، چونکە لـە ڕابـردوو متمانە بوونی هەبوو، ئێستا؛ زیاتر لە ڕووی نیگەرانییەوە لێک نزیک بوون، هەسـتکردن بە گوناهـ بەرانبەر متمانە، هەسـتکردن بە شـەرم، هەسـتکردن بە ناوبـۆش بـوون. دەمەوئێـوارە ئانیتا چل هەزار پێزیتا، تەقریبەن گشـت ئەو پارەیەی کە پێی بوو، دای بـە ئێمیلیـا، کـە ئەویش هیـچ بەرگرییەکی نیشـان نەدا و لەڕووی سوپاسگوزارییەوە بزەیەکی بەڕوودا کرد. ئانیتا ئەم بزەیەی ڕابردووی ناسـییەوە، سەرلەنوێ، ڕێک ڕووبەڕووی یەکتـر، لـە کاتێکدا کـە یەکێکیان ئومێدەوار بوو موسـافیرەکە خۆی سەرقاڵ بکات بە سەردانیکردنی مۆزەخانە، بازاڕکردن لـە فرۆشـگا هەرزانباییەکانـی زارا و خواردنـی شـیرینی و شەربەت، ئەوی تریش بەڵێنی دەدا ئیتر بیر لەوە نەکاتەوە کە ئێمیلیا چل هەزار پێزیتاکە لە کوێ خەرج دەکات.

# IV پاشماوەکان

گازمـوری گرنگ نییـە، ئەوەی گرنگـە خولیۆیە. گازموری شـەش حەوت کتێبی بڵاوکردووەتەوە، کە تێکڕا کۆمەڵەیەکن لـە مێـژووی چیللـی. تەقریبـەن هیـچ کـەس بەباشـیی لێیـان تێنەگەیشـتووە، جگـە لـە خولیـۆ، ڕەنگە. کە ئەویـش چەندین جار خوێندونیەتییەوە.

خولیۆ و گازموری چۆن بڕیاری یەکتربینینان دا.

زیادەڕۆییە کە بڵێین بڕیاری یەکتربینیان داوە.

بـەڵام ئـێ: شـەمەی ڕۆژێکـی مانگـی کانوونـی دووەم، گازمـوری لە کافێی پرۆڤێدینسـیا چاوەڕوانـی خولیۆیە. تازە دەسـتی کردووە بە دەسـتکاریکردنی ڕۆمانـە تازەکەی: پێنج دەفتەر، دەسـتنووس. وەکوو هەمیشـە دەبێت هاوسـەرەکەی زەحمەتـی تایپکردنەکـەی وەئەسـتۆ بگرێت، بـەڵام ئەم جارە

نایەوێت ئەم کارە بکات، ماندووە. ئەو لە گازموری ماندووە، چەندین هەفتەیە قسەی لەگەڵ ناکات، هەر بۆیە گازموری کز و لاوازە. بەڵام هاوسەرەکەی گازموری گرنگ نییە، گازموریش زۆر گرنگ نییە. پیرەمێردەکە پەیوەندی بە ناتالیا کچەهاوڕێکەیەوە دەکات و ئەویش دەڵێت کە زۆر سەرقاڵە و کاتی تایپکردنی نییە و خولیۆی پێ دەناسێنێت.

«بەدەست دەنووسیت؟ ئێستا ئیتر کەس بە دەست نانووسێت.» گازموری تەماشا دەکات، چاوەڕوانی وەڵامی خولیۆ نییە. بەڵام خولیۆ وەڵام دەداتەوە، دەڵێت: «نا». دەڵێت هەمیشە بە کۆمپیوتەر کار دەکات.

گازموری: «کەوایە نازانیت من باسی چی دەکەم، تۆ بەو هەستە ئاشنا نیت. وەختێک لەسەر کاغەز دەنووسیت، هەستێکی تایبەتت هەیە، دەنگی قەڵەم. بە شێوەیەکی نامۆ گونجاوییەک هەیە لەنێوان مەچەک و دەست و قەڵەم.»

خولیۆ قسە دەکات، بەڵام گوێت لێ نییە دەڵێت چی. دەبێت کەسێک هەبێت کەمێک دەنگەکە بەرز بکاتەوە. بەپێچەوانەوە دەنگی بەرز و گڕی گازموری کارسازە:

«ڕۆمان دەنووسیت، لەو ڕۆمانە فەسڵ کورتە چل پەڕەییانەی کە بووە بە مۆدێل؟»

خولیۆ: «نا.» بۆ ئەوەی شتێکی گوتبێت، درێژەی پێ

دەدات: «پێشنیارم بۆ دەکەیت ڕۆمان بنووسم؟»
«ئەوە کەی پرسیارە؟ من پێشنیار ناکەم، من پێشنیار بۆ هیچ کەس ناکەم. وا دەزانیت لە کافێ وادەم لەگەڵ داناویت بۆ ئەوەی پێششنیار و ڕاسپاردەت پێ بدەم؟»

خولیۆ بیر لەوە دەکاتەوە کە قسە کردن لەگەڵ گازموری چەند قوورسە. قوورسە بەڵام چێژبەخشە. پاشان گازموری بەتەنیا دەست دەکات بە قسەکردن. باس لە دەسیسە جۆراوجۆرە سیاسی و ئەدەبییەکان دەکات و لەسەر بیرۆکەیەک تایبەت پێداگری دەکات: «دەبێت ئاگات لەو کەسانە بێت کە مردوو دەڕازێننەوە. دڵنیام کە حەز دەکەیت من بڕازێنیتەوە. گەنجانی وەکوو تۆ پەیوەندی لەگەڵ پیران دروست دەکەن لەبەر ئەوەی حەزیان لەوەیە کە ئێمە پیرین. خۆ گەنجبوون چاکە نییە، کەمایەسییە. تۆ دەبێت ئەمە بزانیت. کاتێک گەنج بووم هەستم دەکرد کەمایەسییم هەیە، ئێستایش. پیربوونیش کەمایەسییە. ئێمە پیر و لاوازین و ماستاو بۆ ئێوەی گەنجان دەکەین، تەنیا لەبەر ئەوەی پێویستمان بە خوێنی ئێوەیە. پیاوی پیر پێویستییەکی زۆری بە خوێنە، ئێستا چ ڕۆمان بنووسێت چ نەینووسێت. تۆیش خوێنێکی زۆرت هەیە. ئێستا کە بەباشیی تێت دەڕوانم، ڕەنگە خوێن تەنیا شتێک بێت کە تۆ زۆرت هەیە.»
خولیۆ نازانێت چ وەڵامێکی بداتەوە، بەڵام پێکەنینەکەی گازموری ڕزگاری دەکات، پێکەنینێک کە بڕوای پێ دەهێنێت

-لانیکەم- ئەو شتەی کە گوتویەتی بەس بۆ گاڵتە بووە. خولیۆش لەگەڵی پێدەکەنێت، حەزی لە بوونە لەوێ، وەکوو کەسایەتی دووەم. دەیەوێت، ئەگەر بکرێت، لەم ڕۆڵەدا بمێنێتەوە، بەڵام بۆ مانەوە لەم ڕۆڵەدا دەبێت شتێک بڵێت. شتێک کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت، وەکوو گاڵتەیەک. بەڵام هیچ گاڵتەیەک نایەت بە مێشکیدا. ئەوە گازمورییە کە دەڵێت:

«لەم گۆشەیەوە ڕووداوێکی زۆر گرنگ ڕوو دەدات، بۆ ئەو ڕۆمانەی کە دەتەوێ بینووسیت. هەر بۆیە لێرە وادەم لەگەڵ دانایت. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، ڕێک لەم گۆشەیەوە، ڕووداوێکی گرنگ ڕوو دەدات. ئەم گۆشەیە گرنگە. چەندە وەردەگریت لە بەرانبەر ئەو کارەی دەیکەیت؟»

«سەد هەزار پیزۆ؟»

ئەوەی ڕاستی بێت خولیۆ ئامادەیی ئەوەی تێدایە بە خۆڕایی کار بکات، گەرچی گومان لەمەدا نییە، کە بێپارەیە. جێی شانازییە خواردنەوەی قاوە و جگەرەکێشان لەگەڵ گازموری. گوتی سەد هەزار پیزۆ، وەکوو ئەوەی هەر وا گوتبێتی ئێوارەباش. هەروەها خەریکە گوێ دەگرێت، کەمێک خۆی لە پشتی گازمورییەوە دەهێڵێتەوە، بەدرێژایی کات سەر دەلەقێنێت، گەرچی ئێستا، تەنیا دەیەوێت گوێ ڕادێرێت، زانیاریی بەدەست بهێنێت، لێوانلێو لە زانیاریی لە جێی خۆی بمێنێتەوە.

«دەتوانم بڵێم کە ئەمە شەخسیترین ڕۆمان دەبێت. لەوەی پێشـتر زۆر جیاوازە. بۆت کورت دەکەمەوە: ئەو دەزانێت کە خۆشەویستەکەی سـەردەمی هەرزەکاریی مردووە. ڕادیۆکە دادەگیرسـێنێت، وەکوو هەر بەیانییەک، پاشـان ناوی کچەکە لەنـاو هەواڵی مردووەکاندا دەبیسـتێت. دوو ناوی بچووک و دوو ناوی خێزانیی. ئەمە دەستپێکی گشت شتێکە.»

«دەستپێکی چی؟»

«هەموو شتێک. لەڕاستیدا هەموو شتێک. وەختێک بڕیارم دا پەیوەندیت پێوە دەکەم.»

«چی تر ڕوو دەدات؟»

«هیچ. شـتی ئاسایی. هەموو شتێک لەناودەچێت. وەختێک بڕیارم دا پەیوەندیت پێوە دەکەم.»

وا دەبینرا کە خولیۆ پەشێوە و بەرەو شوقەکەی دەڕوات. ڕەنگە هەڵەی کردبێت کە پێشـنیاری سەد هەزار پیزۆی کرد، گەرچی ڕوون نییە بەلایەوە کە ئەم بڕە بۆ کەسـێکی وەکوو گازمـوری زۆرە یـان نـا. هەڵبەت ئەو پارەی پێویسـتی هەیە. لـە هەفتەیەکدا دووجار زمانی لاتین فێری کچی ڕوناکبیرێکی ڕاستڕەو دەکات. ئەمە و پاشماوەی کارتی بانکییەکەی هەموو داهاتێکی ئەوە.

لـە نهۆمـی ژێرزەمینیـی باڵەخانـەی پـلازا ئیتالیـا دەژی. وەختێـک گەرمـا بەگیری بهێنێت، لە پشـت پەنجـەرەوە کاتی خۆی بە تەماشاکردنی پێڵاوی ئەو خەڵکە دەگوزەرێنێت. ئەو پاشـنیوەڕۆیە، ڕێک پێش چەرخاندنـی کلیلەکە لەناو قوفڵەکە،

زانـی کە ماریـا، ژنە هاوڕەگەزخوازەکەی هاوسـێی، خەریکە دێتەوە. پێڵاوەکانی دەبینێت، پاپووچەکانی. چاوەڕوان دەکات، هەنگاوەکان و سڵاو و هەواڵپرسی لەگەڵ پاسەوانەکە حساب دەکات، تاکوو هەسـت بـکات خەریکە نزیـک دەبێتەوە، دواتر تەرکیـز بکاتـە سـەر کردنـەوەی دەرگاکـە: وا دەنوێنێـت کـە ناتوانێـت کلیلەکە بدۆزێتەوە، گەرچـی ئەڵقەی کلیلەکان، تەنیا دوو کلیلـی پێوەیـە. بـە دەنگی بەرز دەڵێـت، وا دیارە هیچیان بە قوفڵەکە ناکەن. لە کاتێکدا کە بە تیلەی چاو لەو دەڕوانێت، دەتوانێـت شـتێک ببینێـت: قـژی سـپی درێژی، ڕووخسـاری کـە تۆختـر دەردەکەوێت لـەوەی کە هەیـە. کاتێکیان لەبارەی سـێڤیرۆ ساردوی قسەیان کردبوو. ئەو کتێبخوێنێکی ڕاستی نییە، بەڵام کتێبەکانی سێڤیرۆ ساردوی باش دەناسێت. تەمەنی چـل بـۆ چـل و پێنج سـاڵ دەبێـت، بەتەنیـا دەژی، کتێبەکانی سـێڤیرۆ سـاردوی دەخوێنێتـەوە: هـەر بۆیە خولیـۆ، وەکوو چـۆن دەزانێـت دوو کـۆ دوو دەکاتـە چـوار، هـەر ئەوهـاش دەزانێت کە ئەو دەبێت هاوڕەگەزخواز بێت. خولیۆش حەزی بە سێڤیرۆیە، بەتایبەت گوتارەکانی، لەبەر ئەوەی کە هەمیشە بابەتێکی هەیە بۆ قسـە لەسـەرکردن لەگەڵ ژن یان پیاوێکی هاوڕەگەزخواز.

ئـەو پـاش نیوەڕۆیە ماریـا کەمتر مۆن بوو، لە کراسـێکدا کـە کـەم لەبەری دەکـرد. خولیۆ دەیەوێت شـتێک بڵێت، بەڵام پێش بە خۆی دەگرێت، لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەو حەزی لەم جـۆرە قسـانە نەبێت. بۆ ئەوەی قسـەکردن لەگـەڵ گازموری

لەیـاد بـکات، داوەتـی قـاوەی دەکات. دەربـارەی کتێبەکانـی `کوبـرا` و `کۆکویـۆ` و `بیـگ بانـگ` و `نووسـین لەسـەر جەسـتە`ی ساردوی قسـە دەکەن. هەروەها، ئەمەیان تازەیە، دەربارەی هاوسێکانی تر، سیاسەت، زەڵاتەی سەیروسەمەرە، خەمیری سپیکردنەوەی ددان، حەبی ڤیتامین و سۆسی چوار نـاوک -کـە ئەو حەزی لێیەتی- قسـە دەکـەن. خولیۆ جارێک تاقـی دەکاتەوە. سـاتێک دادێـت کە ئیدی بابەتێکیان بۆ قسـە لەسـەرکردن نییـە و وا دەردەکەوێـت هەردووکیان بیانەوێت برۆن بەلای کاریانەوە. ماریا مامۆسـتای ئینگلیزییە، بەڵام لە ماڵـەوە کار دەکات، ڕێنمایـی سـۆفتوێر و دەسـتگای دەنگیی تەرجەمـە دەکات. خولیـۆ پێـی دەڵێـت کارێکی تـازە، کارێکی زۆر باشیی دەست کەوتووە، لەلایەن گازموری نووسەرەوە.

«هەرگێـز کاری ئـەوم نەخوێندووەتـەوە، بـەڵام دەڵێـن نووسەرێکی باشە. برایەکم هەیە لە بارسیلۆنا ئەو دەناسێت. وابزانم لە تاراوگە پێکەوە بوون.»

خولیـۆ: «بەیانـی دەسـت دەکـەم بـە کارکـردن لەگـەڵ گازموری. ئەو پێویسـتی بە کەسـێکە کە ڕۆمانە تازەکەی بۆ تایـپ بـکات، لەبەر ئەوەی خۆی لەسـەر کاغەز دەنووسـێت. حەزی لە کۆمپیوتەر نییە.»

«ڕۆمانەکەی ناوی چییە؟»

«حـەز دەکات دەربـارەی ناوی ڕۆمانەکـە گفتوگۆ بکەین. پیاوێـک لـە ڕادیـۆوە گوێی لـێ دەبێت کە خۆشەویسـتەکەی سـەردەمی گەنجێتیی مردووە. هەموو شـتێک لێرەوە دەسـت

پێ دەکات، هەموو شتێک.»

«دوای ئەوە چی ڕوو دەدات؟»

«هەرگیز ئەو لەیاد ناکات، عیشقی گەورەی ژیانی بوو. کاتێک گەنج بوون گیایەکی بچووکیان هەبوو.»

«گیایەکی بچووک؟ بۆنسای؟»

«ڕاستە، بۆنسای. بڕیاریان دا بۆنسایەک بکڕن تاکوو سیمبولی عیشقە مەزنەکەیان بێت. پاشان هەموو شتێک دەشێوێت بەسەر یەکدا، بەڵام پیاوەکە هەرگیز ئەو لەیاد ناکات. درێژەی بە ژیانی خۆی دا، بوو بە خاوەنی منداڵ، لە ژنەکەی جیابووەوە، بەڵام ئەوی لەیاد نەکرد. ڕۆژێک پێ دەزانێت کە ئەو مردووە. دواتر بڕیار دەدات یادگارییەکەی بۆ جێ بهێڵێت. هێشتا نازانم چ یادگارییەک.»

دوو بوتڵ شەراب و دواتر سێکس کردن. چرچە وردەکانی دەموچاوی ماریا، سەرباری نیوەتاریکیی ژوورەکە، بە یەکجار ڕوونتر دەکەونە بەر چاو. جووڵەکانی خولیۆ خاو بوونەتەوە، ماریا بەپێچەوانەوە، کەمێک خێراتر دەجووڵێتەوە، ئاگادار لە بێحاڵی خولیۆ. جووڵە شۆکهێنەرەکان کەمێک خاو دەبنەوە، ئێستا زیاتر هاوئاهەنگ بوون، تەنانەت ئەو لەرزینە هەستیارەی گوپی سمتەکانیش.

خولیۆ بۆ ساتێک بیر لە قژی سپی ماریا دەکاتەوە: وا دەنوێنێت قوماشێکی بێئەندازە ناسک بێت. قوماشێک کە دەبێت

بە عیشـق و وریاییەوە نەوازشـی بکەیت، بەڵام نەوازشکردن بـە عیشـق و وریاییـەوە دژوارە: خولیـۆ زیاتـر حـەز دەکات لەسەرەوە بەرەو خوار بڕوات و کراسەکەی دابکەنێت، ماریا دەسـت بـە گوێچکەیـدا دەهێنێت، دەسـت بە فۆرمـی لووت و ڕیشـیدا دەهێنێـت. خولیۆ بیر لـەوە دەکاتەوە کە بۆی بمژێت، نـەک ئەو شـوێنەی کە پیاو حـەز دەکات بیمژێت، بەڵکوو ئەو شوێنەی کە ژن حەزدەکات بمژرێت، ئەو ژنەی کە ئەو خەیاڵی لێ دەکاتەوە، هەروەکوو چۆن ماریاش ژنێک دێنێتەوە خەیاڵی خۆی. بەڵام ماریا دەیپچڕێنێت و دەڵێت: تێیخە.

کاتژمێـر هەشـتی بەیانـی تەلەفۆنەکـە زەنـگ لـێ دەدات. گازمـوری دەڵێـت: «خاتوو سـیلڤیا لە وەشـانخانەی پلانتا بە چل هەزار پیزۆ کارەکەم بۆ دەکات. ببوورە.»

حسـاب و کتابەکـەی گازمـوری پەسـتی دەکات. کاتژمێـر هەشـتی بەیانـی یـەک شـەمەیە، تەلەفۆنەکـە تـازە بێـداری کردووەتـەوە، ژنە هاوڕەگەزخواز یان ناهاوڕەگەزخوازەکەی پێشـتر لـە تەنیشـتییەوە خەوتـووە و خـۆی دەکێشـێتەوە. گازموری کارەکەی پێ نەداوە، خاتوو سیلڤیا لە وەشانخانەی پلانتا بە چل هەزار پیزۆ کارەکە دەکات. گەرچی ماریا هێشتا بەپێـی پێویسـت بێـدار نەبـوو تاکوو بپرسـێت کـێ تەلەفۆنی کردووە و کاتژمێر چەندە.

خولیـۆ وەڵام دەداتەوە: «گازموری بوو، ڕەنگە زووڕابوو بێـت یـان زۆر تامـەزرۆی کارەکەیە. تەلەفۆنی کـرد و گوتی دەتوانین لە ئەمڕۆ پاشـنیوەڕۆوە دەسـت بکەین بە کار کردن لەسەر بۆنسای. ڕۆمانەکە ناودەنێت: بۆنسای.»

ئەوەی دواتر دێت هاوشـێوەی هەڵهاتنە لە دژواریی ژیان. هەڵهاتنێـک کـە سـاڵێک زیاتـر دەخایەنێت، تاکوو ئـەو بڕوات بـۆ مەدریـد. ماریا دەڕوات بـۆ مەدرید، لەبەر ئـەوەی دەبێت بڕوات، بەڵام لە هەمووی زیاتر لەبەر ئەوەی هیچ هۆکارێکی بـۆ مانـەوە نییـە. ئەمە دەبێـت گاڵتـەی هاوڕێ سـووکەکانی خولیـۆ بێـت `گشـت کچەهاوڕێکانـت دەڕۆن بـۆ مەدریـد`، بەڵام خولیۆ هاوڕێی سـووکی نییە، هەردەم خۆی لە هاوڕێ سووک و چرووکەکان بەدوور گرتووە، بەڵام سەرەنجام لەم چیرۆکەدا، ئەو گرنگ نییە، ئەوەی کە گرنگە خولیۆیە.

خولیۆ دەڵێت: «هەرگیز ئەو لەیاد ناکات. درێژەی بە ژیانی خـۆی دا. بـوو بـە خاوەنی منداڵ و چی و چـی... جیابووەوە،

بەڵام ئەوی لەیاد نەکرد. ئەو وەرگێڕ بوو، ڕێک وەکوو خۆی، بەڵام ئەو لە زمانی یابانییەوە. کاتێک زمانی یابانیان دەخوێند یەکتریان بینیبوو، دەمێک ساڵان پێشتر. کاتێک ئەو دەمرێت، بیر لەوە دەکاتەوە باشترین کارێک بۆ هێشتنەوەی یادی ئەو ئەوەیە کە بۆنسایەکی تازە پەروەردە بکات.»

«کەوایە دەڕوات دانەیەک دەکڕێت؟»

«نا، ئەم جارە نایکڕێت، خۆی بەخێوی دەکات. کتێبی ڕێنمایی دەکڕێت، قسە لەگەڵ پسپۆڕی ئەو بوارە دەکات، تۆوێک دەچێنێت، پێش بە گەشەسەندنی دەگرێت.»

ماریا دەڵێت: «چیرۆکێکی سەیرە.»

«بەڵێ، بەڵام گازموری باش دەگێڕێتەوە، هەر وەکوو چۆن من چیرۆکێکی سەیر یان میلۆدرام دەگێڕمەوە. بەڵام باش دەزانم کە گازموری خۆی شارەزایە چۆن بیباتە پێش و ڕێکوپێکی بکات.»

یەکەمین دیداری خەیاڵیی لەگەڵ گازموری پاشنوەڕۆی هەمان ئەو یەک شەمەیە بوو. خولیۆ چوار دەفتەر دەکڕێت و پاشنیوەڕۆ لەسەر کورسییەکی پارکی فۆرستاڵ دەگوزەرێنێت. شێتانە دەنووسێت، بە دەسخەتێکی ساختە. شەو لەسەر بۆنسای کار دەکات و بەیانی دوو شەمە یەکەمین دەفتەری ڕۆمانەکەی پڕ کردووەتەوە. دەستکاری

چەند پەرەگرافێک دەکات، قاوەی بەدەستەوە دەڕژێت و تەنانەت بەر نووسینەکەش دەکەوێت.

ڕووەو ماریا: «ئەمە گەورەترین تاقیکردنەوەیە بۆ نووسەرێک. لە بۆنسای دا، بە کردەوە ڕووداوێک ڕوو نادات، پلۆتەکەی بۆ چیرۆکێکی دوو پەڕەیی بەسە، ڕەنگە چیرۆکێکی باشیشی لێ دەرنەچێت.»

«ناویان چییە؟»

«کەسایەتییەکان؟ گازموری ناوی پێ نەداون. دەڵێت بەم جۆرە باشترە و منیش هاوڕام لەگەڵی. ژن و پیاو، هوواچۆ و پۆچۆچا، ناویان نییە، ڕەنگە ڕووخساریشیان نەبێت. کەسایەتی یان پادشایە یان گەدا، کە هەردووکیان هەر یەکێکن. پادشا یان گەدا، کە ڕێگەی داوە تەنیا ژنێک کە خۆشی ویستووە، بڕوات.»

«دوای ئەوە دەڕوات خۆی فێری یابانی دەکات؟»

«لە کلاسی زمانی یابانی چاویان بە یەکتر دەکەوێت. ئەوەی ڕاستی بێت هێشتا نازانم. پێم وایە ئەمە لە دەفتەری دووەمدا بێت.»

مانگەکانی دواتر، خولیۆ بەیانیانی بە ساختەکردنی دەفتەرەکانی گازموری دەگوزەراند و ئێوارانیش لە پشت کۆمپیوتەر دادەنیشت بۆ تایپکردنی ڕۆمانێک، کە ئیدی نازانێت هیی کەسێکی ترە یان هیی خۆیەتی، بەڵام بەهەرحاڵ بڕیاری

داوە تـەواوی بـکات، یـان خـەیاڵـی تەواوکردنی لەسـەریدایە. پێـی وایـە ئەم تێکسـتە شایسـتەترین و تەنیا دیـاری بێت بۆ ماڵئاواییکـردن لـە ماریـا، ئەمـەش ئـەو کارەیـە کـە دەیکات. تەواوی دەکات و دەیدات بە ماریا.

لـە ڕۆژەکانی دوای سـەفەرەکە، خولیۆ دەسـت دەکات بە نووسینی ئەو نامانەی کە چەندین هەفتە هەر وا دەمێننەوە و بە ئەلیکترۆنی سێند ناکرێن. دواجار بڕیار دەدات ئەم تێکستە بنێرێت:

**زۆر بیــرم لێ کردوویتەوە. بمبورە، بەڵام کاتم نەبوو نامەت بۆ بنووسم. ئومێدەوارم بەسەلامەت گەیشتبیت.**

**گازموری دەیەوێت درێژە بە هاوکاریکردنی بدەم، گەرچی بە ڕوونیــی ناڵێت چ جۆرە هاوکارییەک. پێم وایە ڕۆمانێکی تر بێت. ئەوەی ڕاســتی بێت؛ نازانم دەبێت بەرگــەی دڕدۆنگییەکانی، کۆکەکانــی، دەنگە گڕەکــەی و بیرۆکەکانی بگرم یان نا. چیدی وانــەی لاتیــن ناڵێمەوە. قســەیەکی زۆرم پێ نییــە بۆ گوتن. هەفتەیەکــی تر ڕۆمانەکە دەناســێندرێت. گازموری لە دوایین ســاتدا بڕیاریدا نــاوی بنێت پاشــماوەکان. بــە بۆچوونی من ناونیشانێکی باش نییە، هەر بۆیە لە گازموری تووڕەم؛ گەرچی ئەو، بەهەرحاڵ نووسەری بەرهەمەکەیە.**

**لەباوەشت دەگرم. خ**

خولیـۆ ترسـاو و پەشـێو دەڕوات بـۆ کتێبخانـەی میللـی تاکوو لە ناساندنی ڕۆمانی پاشماوەکان، ڕۆمانە واقعییەکەی

گازمـوری بەشـداری بـکات. دەتوانێـت لـە پشـتی هۆڵەکەوە نووسـەرەکە ببینێت کە ناوبەناو سـەر دەلەقێنێت، واتا لەگەڵ قسەکانی ئیبنسپێرگەر هاوڕایە، ڕەخنەگرێک کە پێشکەشکاری بەرنامـەی ناسـاندنەکەیە. ڕەخنەگرەکـە بـە جەختکردنەوەوە دەسـتەکانی ڕادەوەشـێنێت تاکوو ڕای بگەیەنێت کە بەڕاستی ڕۆمانەکەی بەدڵە. خانمی ئێدیتۆریش جاروبار تەماشا دەکات، بێ نیشاندانی هیچ حاڵەتێک لە ڕەفتاری کۆمەڵەکە دەڕوانێت.

خولیۆ نیوەناچڵ گوێ بۆ قسـەکان ڕادەدێرێت: پرۆفیسۆر ئیبنسپێرگەر ئاماژە بە بوێریی ئەدەبی و سەرکەشی هونەری دەکات، نەقڵـی قەولێکـی ریلکـە دەکات، بـە بیرۆکەیەکی واڵتە بینیامیـن دەچێتـە پێـش (گەرچـی ئامـاژە بـە دوودڵییەکانـی نـاکات) پاشـان شـیعرێکی ئێنریکـە لین بەیـاد دەهێنێتەوە (بە ئێنریکە ناوی دەهێنێت) کە بە بۆچوونی ئەو، ڕێک مشتومڕی پاشماوەکانی تێدا کورت بووەتەوە: `پیاوێکی زۆر نەخۆش / دەسپەڕ دەکات تاکوو نیشانەیەک لە ژیانی تێدا بێت.`

پێـش ئـەوەی نـۆرەی ئێدیتۆرەکـە بێـت، خولیـۆ لـەوێ دەڕواتە دەرەوە و یەکڕاسـت دەچێت بۆ پرۆڤێدینسـیا. دوای نیـو کاتژمێـر، بێ ئەوەی پێ بزانێـت، دەچێتە ناو کافێیەک کە لەوێ بە گازموری ئاشنا بووە. بڕیار دەدات لەوێ بمێنێتەوە، چـاوەڕوان بـکات تاکـوو ڕووداوێکـی گرنگ ڕوو بـدات. لەم مەودایـەدا جگـەرە دەکێشـێت. قـاوە دەخواتـەوە و جگـەرە دەکێشێت.

# V دوو سکێچ

ژنەکـە مـرد، هاتووچـۆی ئاراسـتەی پێچەوانە لـە جووڵە کەوت

چیکۆ بوراک

کۆتایی چیرۆک دەبێت ڕازیمان بکات، بەڵام نایکات.

لـە ئێوارەیەکـی دوورودرێـژدا، خولیـۆ بڕیـار دەدات دوو سـکێچ بکێشـێت. لـە یەکەمیاندا ژنێـک دەردەکەوێـت کە هەم ماریایـە و هـەم ئێمیلیاشـە: چـاوە ڕەشـەکانی ئێمیلیا و قژی سـپی ماریا، سـمتی ماریا و ڕانەکانی ئێمیلیا، لاقەکانی ئێمیلیا و پشـتی کچی ڕوناکبیرە ڕاسـتڕەوەکە، ڕوومەتەکانی ئێمیلیا

و لووتی ماریا، لێوەکانی ماریا و کەمەر بەرەوژوور و مەمکە بچووکەکانی ئێمیلیا، ژێر ناوکی ئێمیلیا.

سکێچی دووەم بە گوتن ئاسانە، بەڵام بۆ خولیۆ دژوارە. ئەو پێویستی بە چەند هەفتە پرۆڤەکردنە تاکوو دواجار ئەو سکێچە دڵخوازەی دەست بکەوێت کە دەیەوێت:



درەختێکە لە خەرەند دا.

خولیۆ هەردوو سکێچەکە دەلکێنێت بە ئاوێنەی دەستتشۆرەکەوە، ڕێک وەکوو دوو وێنەی تازە دەرکەوتوو. سکێچەکان لەوێ دەمێننەوە، تەقریبەن گشت ڕووپەڕی ئاوێنەکەیان داپۆشیوە. خولیۆ بوێریی ئەوەی نییە ناو بەو ژنە بدات کە هێڵکارییەکەیی کێشاوە. دەڵێت ئەو. ڕەنگە بکرێت

بگوترێت ئەوی ئەو. چیرۆکێکی بۆ دروست دەکات، چیرۆکێک کە ناینووسێت، زەحمەتی نووسینی ناداتە بەرخۆی.

لەبەر ئەوەی دایک و باوکی ئامادە نین لەڕووی داراییەوە کۆمەکی پێ بکەن، بڕیار دەدات لە شەقامی لاوەکی پلازا ئیتالیا دەستفرۆشی بکات: لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا نیوەی کتێبەکانی دەفرۆشێت. خەڵک پارەیەکی باش دەدەن بە شیعرەکانی ئۆکتایۆ پاز (باشترین شیعرەکانی ئۆکتاڤیۆ پاز) هەروەها جۆزپە ئۆنگارتی (ژیانی پیاوێک) و چاپی کۆنی کۆمەڵە بەرهەمی پابلۆ نیرۆدا. فەرهەنگی نەقڵی قەولەکان، کە وەشانخانەی ئێسپاسا کالپە کۆی کردووەنەتەوە و چاپی کردوون. گوتارێکی کلۆدیو جیاکۆنی دەربارەی گۆگۆڵ. چەند ڕۆمانێکی کریستینا پێری ڕۆسی -کە هەرگیز نەخوێندراونەتەوە-، ئالهوێ نووسینی گۆنزالێز ڤێرا، فێرمینا مارکییز نووسینی ڤالێری لاربو، دوو ڕۆمانی خوێندرابوونەوە، تەنانەت دوو جاریش، بەڵام ئیتر ناخوێندرێنەوە.
بەشێک لە پارەکە بۆ کۆڵینەوە لە بۆنسای تەرخان دەکات. کتێبی ڕێنمایی و گۆڤاری تایبەتمەند دەکڕێت کە بە پرتاو و بەرنامەڕێژیی دەیانخوێنێتەوە. یەکێک لە گۆڤارەکان، زۆریش بەکەڵک نا، بەڵام لە هەمان کاتدا بەکەڵک بۆ تازەکارەکان، بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

بۆنسای ماکێتی هونەرمەندانە و میناتۆریی درەختێکە.

ئـەو لـە دوو توخم پێک هاتووە: درەخـت و ئینجانە. هەردوو توخمەکـە دەبێـت هاوئاهەنـگ بـن پێکـەوە و هەڵبژاردنـی ئینجانەکە بۆ درەختەکە بۆخۆی هونەرە. گیاکە دەکرێت گیای ڕواو، قـەد یـان درەخـت بێـت، بەڵام بە شـێوەیەکی ئاسـایی درەختە. ئینجانەکەش دەکرێت ئینجانەی ڕاستی یان پارچەی تاشـەبەردێک بێت. بۆنسـای هەرگیز درەختی بۆنسـای نییە. خودی وشـەکە گشـت توخمـە زیندووەکانـی تێدایە. وەختێک درەختەکە لە ئینجانەکە بێتە دەرەوە، ئیتر بۆنسای نییە.

خولیۆ ئەم پێناسەیە لەبەر دەکات چونکە حەزی پێ دەکات و دەکرێت نووسـینی سـەر پارچە بەردەکەش بێت. بەشگەلی جیـاوازی ئـەم پەرەگرافـە بـە شـیاو دەزانێـت. `هەڵبژاردنـی ئینجانەکـە بۆخـۆی هونـەرە.` بیـری لـێ دەکاتـەوە و پاتەی دەکاتـەوە تاکـوو خـۆی قایل بـکات کە لەم ڕسـتەیەدا پەیامە بنەڕەتییەکـە هەیـە. لەو سـاتەدا، شـەرم لە بۆنسـای، ڕۆمانە ساختەکەی دەکات، ئەو ڕۆمانەی کە کەسایەتییەکەی بە هیچ کلۆجێـک، بـە هیـچ کلۆجێـک نازانێـت هەڵبژاردنـی ئینجانەکە بۆخـۆی هونـەرە، هەروەهـا ئـەوەی کـە نابێـت بۆنسـای بـە درەختی بۆنسـای ناو بنرێت، چونکە خودی وشـەکە هەڵگری توخمی زیندووە.

خولیۆ پێی وایە چاودێریکردنی بۆنسـای وەکوو نووسـین وایـە. لەبەرخۆیـەوە دەڵێت نووسـین وەکـوو چاودێریکردنی بۆنسای وایە.

بەیانیـان بە بێمەیلی، بەدوای کاردا دەگەڕێت. پاشـنیوەڕۆ دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە، پێـش ئـەوەی بڕواتـە سـۆراخی کتێبی ڕێنماییـەکان، شـتێک دەخـوات. هێنـدە دەخوێنێتـەوە تاکـوو خـەو دەیباتەوە. دەربارەی نەخۆشـییە شـایعەکانی بۆنسـای دەخوێنێتـەوە، لەبـارەی نەرمبوونـی گەڵاکان، پێـوەن کردن، دەزووپێچیی. پاشان دەڕوات تۆ و دەکڕێت لەگەڵ کەرەستەی پێویست.

دەست پێ دەکات. بۆنسای پەروەردە دەکات.

ئەو ژنە، ژنێکی گەنج.

ئەمە گشت ئەو شتەیە کە ماریا لەسەر ئێمیلیا دەیزانێت. کەسێک لە دواوە دەڵێت: مردووە، ژنێک مردووە، ژنێکی گەنج. ژنێکی گەنج خۆی هاویشتووەتە ژێر میترۆ، لە ئانتۆن مارتین. ماریا بۆ ساتێک بیر لەوە دەکاتەوە بڕوات بۆ شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام هەر زوو پاشگەز دەبێتەوە. لە میترۆکە دێتە دەرەوە، لە کاتێکدا کە خەریکە بیر لە سیمای ئەو ژنە گەنجە دەکاتەوە کە تازە خۆی کوشتووە. بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو چۆن، کاتێک بووە، بە خەمێکی کەمترەوە، بەڵام لە ئێستا نائومێدتر بووە. بیر لە خانوویەک دەکاتەوە لە چیللی، لە سانتیاگۆی چیللی، بیر لە باخچەی خانووەکە دەکاتەوە. باخچەیەکی بێ گوڵ و درەخت، بەهەرحاڵ هەقی خۆیەتی

ناوبنرێت باخچە، چونکە بێ دوودڵی باخچەیە. گۆرانییەکەی ڤیۆلیتا پاررای بیر دەکەوێتەوە: `گوڵەکانی باخچەکەم / دەکرا پەرستارم بن.` تاکوو کتێبفرۆشی فوینتیتاجا پیاسە دەکات، چونکە پاشنیوەڕۆ لەگەڵ عاشقێک وادەی هەیە. ناوی عاشقەکە گرنگ نییە، جگە لەوەی کە ئەو، بەدەم ڕێگاوە، ڕەنگبێ بیری لێ بکاتەوە، بیر لە کتێبفرۆشیی و لەشفرۆشانی شەقامی مۆنترا و لەشفرۆشەکانی تری شەقامەکانی تریش، کە هیچیان گرنگ نین، هەروەها بیر لە فیلمێک، ناوی فیلمێک دەکاتەوە، پێنج شەش ساڵ پێشتر بینیویەتی. ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە دووربکەوێتەوە لە سەربوردەی ئێمیلیا، سەربوردەی ئێمە. ماریا لەسەر ڕێگای کتێبفرۆشی فوینتیتاجا بزر دەبێت. خۆی دوور دەخاتەوە لە لاشەی ئێمیلیا و بۆ هەمیشە لە سەربوردەی ئێمە دەچێتە دەرەوە.

ڕۆیشتووە.

ئێستا ئێمیلیا دەمێنێتەوە، بەتەنیا، میترۆکەش دەوەستێت.

زۆر زۆر دوور لە لاشەی ئێمیلیا، لەوێ، لێرە، لە سانتیاگۆی چیللی، ئانیتا دووبارە گوێ بۆ قسە دووبارەکانی دایکی دەگرێت: کێشەی ژن و مێردایەتی دایکی ناکۆتا دەنوێنێت، ئانیتا وەکوو هاوبەشە تاوانێکی دەسیسەچی شرۆڤە بۆ بابەتەکە دەکات، وەکوو ئەوەی کێشەی خۆی بن، لە هەمان

کاتدا هەناسـەیەکی ئاسـوودە هەڵدەمژێت لەوەی کە کێشـەی خۆی نین.

بەپێچەوانەوە ئەندرێس توورەیە: دە خولەکی تر پشکنینی پزیشـکی هەیـە. گەرچـی هیچ هۆکارێـک نییە بۆ نەخۆشـیی، بـەڵام هــەر دەڵێی لە یەکێک لەم ڕۆژانــەدا هەواڵە تۆقێنەرەکە دەبیستێت. بیر لە کچەکانی دەکاتەوە؛ بیر لە ئانیتا و کەسێکی تریش دەکاتەوە، ژنێک کە هەمیشە بیری لێ دەکاتەوە، تەنانەت کاتێکیش کە ڕاست نییە بنیادەم بیر لە کەسێکی تر بکاتەوە. ڕێک لـەو سـاتەدا پیرەمێردێک دەبینێت دێتـە دەرەوە، بە نیگایەکی ڕەزمەندانـە هەنـگاو دەنێت، هەنگاوەکانی دەژمێرێت، دەسـت دەبـات بـۆ گیرفانـی؛ بۆ جگەرە یـان پـارەی وردە. ئەندرێس تێدەگات کە نۆرەی هاتووە، نۆرەی شـیکاریی خوێن، تیشـک، ڕەنگە بەزووییش سـیتی سـکان. هەرگیز پێکدی ئاشـنا نابن. گازمـوری خۆشـحاڵە، چونکە نامرێت: لـە دەرمانخانەکە دێتە دەرەوە، بـە بیرکردنـەوە لـەوەی کـە نامرێت، کە شـتگەلێکی کەمی لەدڵا شیرین لە ژیانیدا هەن کە بزانێت نامرێت. بەخۆی دەڵێت دووبارە بەباشیی کارەکەم کرد.

یەکەمین شـەوی ئەم جیهانەیە، کە ئێمیلیا مردووە. خولیۆ خـراپ دەخەوێـت، بەڵام خراپ خەوتن خووە، گوناهەکەشـی خەیاڵاتەکانی خۆین.

چەندیـن مانگـە چاوەڕوانە تاکوو بۆنسـای شـکڵێکی باش وەخـۆ بگرێـت، شـکڵێکی شـاز و بـێ کەموکـووڕی کـە ئـەو ویستوویەتی.

درەختەکە گوێڕایەڵی دەزووپێچییەکەی ئەو دەکات. خولیۆ دەیهێنێتــەوە پێـش چـاوی خـۆی کە لە مــاوەی چەند ســاڵدا، دواجار ڕێک وەکوو ئەو شکڵە دەبێت کە دەیەوێت. کەڵک لەو چـوار پێنــج جارە وەردەگرێـت کە بێدار دەبێتــەوە بۆ ئەوەی بـڕوات تەماشــای بۆنســای بـکات، لــەو ماوەیەشــدا خــەو بە شــتێکی وەکوو بیابان یان کەنارەوە دەبینێت، شوێنێکی پڕ لە لم، کە سـێ کەس لە خۆر یان ئاسـمان دەڕوانن، وەکوو بڵێی لە پشوودا بن، یان ڕەنگە مردبن بێ ئەوەی خۆیان بزانن، لە کاتێکدا چێژ لە تیشکی خۆر وەردەگرن. لە ناکاو کەڵەشێرێکی شــین دەردەکەوێـت، کەڵەشــێکی فـرە گــەورە کــە بەکاوەخۆ و قــوورس لێیــان نزیـک دەبێتــەوە، بــە هەمــان کاوەخۆیی لە دەووریان دەگەڕێت تاکوو بازنەیەک بە دەووریاندا دروســت ببێت.

دەمەوێت چیرۆکی خۆلیۆ تەواو بکەم، بەڵام چیرۆکی خولیۆ تەواو نابێت، کێشەکە ئەوەیە.

چیرۆکی خولیۆ تەواو نابێت، یان ڕەنگە بەم جۆرە تەواو ببێت:

خولیۆ پاش ساڵێک یان ساڵ و نیوێک دواتر، هەواڵی خۆکوژی ئێمیلیا دەبیستێت. ئەندرێس هەواڵەکەی پێ دەدات، کە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی ڕۆیشتبوو بۆ پێشانگایەکی کتێبی منداڵان بۆ پارکی بۆستامانتێ. خولیۆ لە پشت مێزی وەشانخانەی ڕیکریا ڕاوەستاوە، وەکوو فرۆشیار، بە حەقدەستێکی کەم، بەڵام کارێکی زۆر ئاسان. خولیۆ خۆشحاڵ

دەردەکەوێت، چونکە دوایین ڕۆژی پێشانگاکەیە، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەتوانێت ڕۆژی دواتر بە بۆنسای ڕابگات. بینینی ئانیتا هاوکاتە لەگەڵ بەهەڵەتێگەیشتنێک: خولیۆ سەرەتا نایناسێتەوە، بەڵام ئانیتا پێی وایە خۆی نەبان دەکات و ئەوی ناسیوەتەوە بەڵام نایەوێت وا بنوێنێت ناسیویەتییەوە. ئانیتا بە بێمەیلی خۆی دەناسێنێت و دەڵێت چەندین ساڵ پێشتر لە ئەندرێس جیابووەتەوە، خولیۆ کە ئەندرێسی بە ئەستەم دەناسی لە دوایین ڕۆژەکان یان دوایین پەڕەکانی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئێمیلیا. خولیۆ بۆ دامەزراندنی سەری قسە، نەزانانە لە وردەکارییەکان دەپرسێت، هەوڵ دەدات بزانێت ئەگەر لێکدی جیابوونەتەوە، ئایا ئێستا بۆ گەڕانێکی ئاشتیخوازانەی خێزانیی هاتوون، بەڵام نە ئانیتا نە ئەندرێس وەڵامێکی بەکەڵکیان بۆ ئەم پرسیارە ڕووقایمانەی خولیۆ پێ نییە.

ڕێک ساتی خواحافیزی، پرسیارێک دەکات کە دەبوو سەرەتا بیپرسیبا. ئانیتا بەتووڕەییەوە تێی دەڕوانێت و وەڵام ناداتەوە. لەگەڵ کچەکان دەڕوات تاکوو سێوی شەکراوی بکڕێت. ئەوە ئەندرێسە کە بە چیرۆکێکی دووورودرێژەوە دەمێنێتەوە کە هیچ کەس نازانێت کورتی بکاتەوە، چیرۆکێک کە تەنیا تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە هیچ کەس نازانێت چۆن بەباشیی کورتی بکاتەوە.

ئەندرێس دەڵێت: «ئێمیلیا تووشی ڕووداو بووە.»

لەبەر ئەوەی خولیۆ هیچ کاردانەوەیەک نانوێنێت و هیچی لێ ناپرسێت، بە ڕوونیی ڕایدەگەیەنێت: «ئێمیلیا مردووە. خۆی خستووەتە ژێر میترۆ یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوەی ڕاستی بێت نازانم. ئالوودەی مادەی هۆشبەر بووبوو، گەرچی پێم وا نییە، بڕوا ناکەم. ئەو مرد؛ لە مەدرید بەخاکیان سپارد. لەمەیان تەواو دڵنیام.»

خولیۆ دوای کاتژمێرێک حەقدەستەکەی وەردەگرێت: دە هەزار پیزۆ، کە وای دانابوو سێ هەفتەی داهاتووی پێ بگوزەرێنێت. لە بریی بەپێ ڕۆیشتنەوە بۆ شوقەکەی، تاکسی دەگرێت و داوا لە شۆفێرەکە دەکات بە ئەندازەی سی هەزار پیزۆ بیگەڕێنێت. دووبارەی دەکاتەوە، ڕوونی دەکاتەوە، تەنانەت پارەکەش دەدات بە شۆفێری تاکسییەکە.

«بەدڵی خۆت بۆ کوێ دەڕۆیت بڕۆ، بسووڕێرەوە، ناوقەدبڕی بکە، جیاوازییەکی نییە، وەختێ سی هەزار پیزۆکە تەواو بوو لە ئۆتۆمۆبێلەکە دادەبەزم.»

سەفەرێکی دوورودرێژە، بێ مۆزیک. لە پرۆڤیدینسیاوە تاکوو لاس ڕێخاس، دواتر گەڕانەوە بۆ وێستگەی ناوەندیی قیتار، ئاڤینێدا ماتتا، ئاڤینێدا گرسییا، تۆبالابا، پرۆڤیدینسیا، بیلاڤێستا. بەدرێژایی ڕێگاکە وەڵامی هیچ پرسیارێکی شۆفێرەکە ناداتەوە. نابیستێت.

# BONSAI

ALEJANDRO ZAMBRA

TRANSLATED BY ARAM RASHID

